زانكۆی گەرمیان
University of Garmian

# جیهانگیریی زمانیو کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتوی شوناسی نەتەوەییو فێرکردنی زمانی کوردی

ئومێد بەرزان برزو` کەژاڵ جهابخش محەمەد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

**پوختەی توێژینەوە**

ناونیشانی توێژینەوەکە (جیهانگیریی زمانیو کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتوی شوناسی نەتەوەییو فێرکردنی زمانی کوردی)یە، کە تیایدا باس لە جیهانگیری بەگشتیو بەتایبەتی جیهانگیریی زمانیو کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنییەکانی ئەم دیاردە لەسەر زمانەکانی جیهانو زمانی کوردی کراوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەوکراوە.

پلانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت، ئەمانەن:

تەوەری یەکەم بەگشتی باس لە جیهانگیری وەك زاراوەو چەمك، قۆناغەکانی سەرهەڵدانیو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، پاشان جۆرەکانی ئەم دیاردەیە، کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیەو دەرئەنجامەکانی دەکات.

لە تەوەری دووەمدا باس لە یەکێك لە جۆرەکانی جیهانگیری کراوە، ئەویش جیهانگیریی زمانییە، کە تیایدا چەمكو پەیامی جیهانگیریی زمانی، ڕۆڵی جیهانگیری لە گەشەکردنو پەرەپێدانی زمان، کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەسەر شوناسی نەتەوەییو زمانی، کۆتابابەتیش جیهانگیریی زمانیو ڕۆڵی لە بواری پەروەردەو فێرکردنی زماندا خراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

کۆتاتەوەرو تەوەری سێیەم بۆ جیهانگیریی زمانیو کاریگەرییەکانی لەسەر زمانی کوردی کراوە، کە تیایدا باس لە کاریگەرییەکانی جیهانگیریی زمانیی زمانی ئینگلیزی لەسەر کۆمەڵی کوردیو بەتایبەتی زمانی کوردی لەلایەك، لە لایەکی ترەوە پلانو سیاسەتی ئێمەی کورد وەك کوردزمان بۆ بەهێزڕاگرتنی زمانی کوردیو پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەییو شوناسی زمانی چەند پێشنیازو ڕێگاچارەیەك خراوەنەتەڕو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامەکانو لیستی سەرچاوەکانو کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزی خراوەنەتەڕو.

**پێشەکی:**

خاکی کوردستان بەدرێژایی مێژو بووەتە گۆڕەپانی بەربەرەکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکانو ئیمپراتۆریەتییەکان، بەوەش هەمیشە چاویان تێبڕیوەو داگیریانکردوە، هەڵبەتە شوێنی جوگرافیو گرنگی ناوچەکە هۆکاری سەرەکیی داگیرکەران بووە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەم تێڕوانینە مێژوییە بۆ داگیرکردنو دابەشکردنی خاکی کوردستان، تەنها کاریگەریی نەرێنی لەسەر بوارەکانی مێژوو جوگرافیاو ئابوریو.....تاد نەکردوە، بەڵکو بە پلەیەکی تریش ئەم کاریگەرییە لەسەر زمانی کوردی ڕەنگیداوەتەوە، بە ئامانجی لەناوچونو سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی زمانەکەمان بووە لە ڕێگەی بێبەشکردنی تاکی کورد لە زمانە نەتەوەییەکەی، واتە قەدەغەکردنو بەکارنەهێنانی زمانی دایك لە هەمو ڕویەکەوە وەك زمانی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتو خوێندنو نوسینو ناونانو.....تاد، هەروەها سەپاندنی زمانەکەی خۆیان بەسەر نەتەوەکەماندا، هەر بۆیە لەگەڵ بەردەوامبونی داگیرکاری لە جیهاندا، نەتەوە بندەستەکان لە هەمو ڕویەکەوە زەرەرمەندی یەکەم بون لە قوربانیدانی نەتەوەو نیشتمانو زماندا.

پاش ئەو قۆناغە دورو درێژەی داگیرکاری لە جیهاندا، قۆناغێکی تری زامنکردنی مافی مرۆڤو مافی کەمەنەتەواتییەکان دەستپێدەکات، ئەویش دەستنیشانکردنو دابەشکردنی سنوری جوگرافیی وڵاتانە، بەمەش چەندین نەتەوەی بندەست بونەتە

خاوەن وڵاتو کیانێکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی بتوانن لەو چوارچێوەیەدا ببنە خاوەن (ئابوریو جوگرافیاو مێژوو زمانو ...تاد)ی سەربەخۆی خۆیان.

کۆی گشتیی ئەم هەمو قۆناغانە بە قۆناغی داگیرکاریو ئیمپریالی ناودەبرێت، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سیاسییەوە ئەنجامدەدرا، بەڵام ئێستاکەو لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغێکی تری عەقڵی سیاسی سەریهەڵداوە، ئەویش دیاردەی جیهانگیرییە. "کە بە قۆناغی سەرمایەداری پاش قۆناغی داگیرکاری ناودەبرێت"[**بڕوانە: (برکات محمد مراد: 2001: 17)و (طلال وسام أحمد البكري، 2015: 44)]**

هەڵبەتە جیهانگیری لە دونیادا ڕۆچووەتە نێو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە، وەك (سیاسەتو ئاینو ئابوریو زمانو کەلتورو ڕۆشنبیریو زانستو تەکنەلۆجیاو مافی مرۆڤو...تاد). یەکێك لەو بوارە گرنگانەش کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بە جیهانگیرییەوە هەیە، زمانە. بەو واتایە جیهانگیری توانیویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە گەشەبکاتو بڵاوبێتەوەو ڕۆبچێتە نێو بوارەکانی ژیانەوە، تەنانەت ئەمڕۆکە بووەتە جەنگێك بەرانبەر بە هەمو زمانەکانو لەسەر هەمو زمانەکانیش، کە ڕوبەڕوی کێشمەکێشمێکی گەورە بونەتەوە.

فەیلەسوفی ئەڵمانی (ولیام هەمبۆلت) وایدەبینێت، کە"خەڵك لە بیرکردنەوەو هەستکردنو درکپێکردنو تێڕوانینیان بۆ گەردون شوێنکەوتوی یەکترن، ئەمانەش لەو نەریتانەوە وەریانگرتوە، کە لە ماوەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ زماندا هەیانبووە، هەر بۆیە زمان پایەکی بەرزی لە نێو کۆمەڵگاکەیدا هەیەو دارمانی نەتەوەکانیش لەگەڵ زمانو خودی زمانەکەیاندایە"(**أحمد درويش، 2003: 54)**. واتە زمان بە یەکێکی تر لە بنەما پێویستو سەرەکییەکانی ژیان دادەنرێت. هەر بۆیە "کرۆكو گیانی هەمو شارستانیەتێك زمانو ئاینو بەهاو دابونەریتەکانێتی"(**أحمد درويش، 2003: 44)**. بگرە ئەو زمانەی پێیدەدوێینو بەکاریدەهێنین، تەنها ئامرازی گوزارشتکردنو کەرەستەی لەیەکترگەیشتن نییە، بەڵکو بیرو شوناسو خودو ناونیشانە، تەنانەت شکۆی پیرۆزی خۆی هەیە، لەو کاتەوەی کە خوای گەورە پەیامی ئاسمانی پیرۆزی پێ دابەزاندوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1. تیشکخستنەسەر ئەو هۆکارانەیە، کە بونەتە یاریدەدەرو پاڵنەر بۆ بەجیهانیبونی زمانی ئینگلیزی لە جیهانداو میکانیزمەکانی ڕۆچونەتە نێو هەمو ئاستو بوارەکانی ژیانەوە.
2. تیشکخستنەسەر ئەو کێبڕکێ ناوخۆییو دەرەکییانەی، کە ڕوبەڕوی زمانی کوردی بەدرێژایی سەدەکانو بەتایبەتی لە سەدەی نوێو جیهانگیریدا بونەتەوە.
3. تیشکخستنەسەر ئەو کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنییانەی، کە ڕوبەڕوی زمانی کوردی لەژێر چەتری جیهانگیریی زمانی لە کۆمەڵدا بونەتەوە.

هەروەها دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا ڕونبکەینەوە:

1. باس لە جیهانگیریو قۆناغەکانیو جۆرەکانیو کاریگەرییەکانیو ئامانجەکانی بەگشتی، پاشان ناوەڕۆكو ئامانجو کاریگەرییەکانی جیهانگیریی زمانی بەتایبەتی کراوە.
2. ڕۆڵو گرنگی جیهانگیری لە گەشەکردنو پەرەپێدانی زماندا ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە باڵادەستی جیهانگیریی زمانی ئینگلیزی لە جیهانداو بەتایبەتی کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر داهاتوی زمانی کوردی، بەتایبەتی لە فێرکردنی زمانو خوێندنی وانەیی ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان دەخاتە بەر باسو لێکۆڵینەوە.
3. تا چەند جیهانگیری کاریگەری خۆی لە سڕینەوەو لاوازکردنی شوناسی نەتەوەییو هەروەها زمانی نەتەوەیی کوردی دەخاتە بەر هەڕەشەی زمانەکانی تر لە هەمو ڕویەکەوەو بەتایبەتی لە کەرتی تایبەتیو پاشان کەرتی گشتی.

## 1) کورتەیەك دەربارەی جیهانگیری:

1-1) زاراوەو چەمکی جیهانگیری:

جیهان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی دیاردەو سیستەمێکی نوێی جیهانی بویەوە، کە خۆی لە زاراوەی (جیهانگیری) بینییەوە. "وشەی جیهانگیری جێگرەوەی وشەی داگیرکارییە"(Francois Victor Tochon, 2009: 109). تەنانەت "زۆربەی پسپۆڕانو بەتایبەتی پسپۆڕانی بواری ئابوری دەڵێن جیهانگیری درێژەپێدەری دیاردەی داگیرکارییە، بەوەش دو جۆر جیهانگیریی کۆنو نوێ دەستنیشاندەکەن، جۆری یەکەمیان واتە (جیهانگیریی کۆن) لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی (18)دا دەردەکەوت، کە توانی پلانەکانی جێبەجێبکات، بەوەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرهەمی کاڵا زیادبکات، هەروەها وا لە ئەوروپا بکات، کە بە دوای بازاڕێکی نوێدا بگەڕێن لە ڕێگەی دانانی نەخشەی داگیرکردنی ئەمریکاو ئاسیاوە، بۆ ئەوەی بتوانن کەرەستە خاوەکان بە نرخێکی گونجاو بەدەستبهێنن، ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە وڵاتە هەژارە داگیرکراوەکان لە ئابوریی وڵاتە پیشەسازییە ئەوروپییەکان نزیکبکاتەوە، هەرچی جۆری دووەمە واتە (جیهانگیریی نوێ) بەپێچەوانەوەی یەکەمەوە، لە ڕێگەی داگیرکارییەوە بەدەستنەهێنرا، بەڵکو لە ڕێگەی ئازادکردنی بازرگانی نێودەوڵەتیو هەستانەوە لەسەر پشتێنەی نێودەوڵەتی پاڵپشت بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو پەرەپێدانی لە بوارە جیاجیاکانو پێشبڕکێی وڵاتەکان لەسەر جێبەجێکردنیو تێپەڕاندنی قەیرانەکان بەدەستهێنراوە"(**أحمد درويش، 2003: 36-37**). بەو واتایە "جیهانگیری دیاردەیەکی نوێ نییە، یان لەدایکبوی سەدەی بیستەمو کۆتاییەکانی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆنە، هەروەك بەشێك لە توێژەران ئاماژەی بۆ دەکەن، بەلایەن کەمەوە تەمەنی بۆ پێنج سەدە دەگەڕێتەوەو ڕایان وایە، کە مێژوی جیهانگیری لە داگیرکردنی ئیسپانیا بۆ ئەندەلوس، دۆزینەوەی کیشوەرەکانی ئەمریکاو ئوستورالیاو پاشان هاتنی شۆڕشی پیشەسازی دەستپێدەکات"(**لعساس اسيا: 84**). بەڵام وەك زاراوە "وشەی جیهانگیری لە بنەڕەتدا بۆ زانای کۆمەڵناسی کەنەدی (مارشال ماکلۆهن) مامۆستای زانکۆی تۆرینتۆ دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم چەمکی (جیهانی لادێ)ی داڕشت، لە پاش ئەویش بیرمەندی ئەمریکی (بریجنسکی) ئەم بیرۆکەیەی بونیادنا، کە پاش ئەوەی بو بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی، هەوڵیدا، ناوی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە (نمونەی گەردونێك بۆ نوێگەری) پێشکەشبکات"(**احمد صدق الدجانى، 2000: 62**).

ئاشکرایە ئەمڕۆ "جیهانگیری بووەتە دیاردەی سەردەم، هەروەك (Featherstone)و (Lash) وتویانە، تەنانەت ئەستەمە لە سەردەمی نەوەتەکانی سەدەی بیستەمو ئەوەی تێیدا لە پێشکەوتنی دواتر ڕویداوە، تێبگەین بەبێ گەڕانەوە بۆ دیاردەی جیهانگیری، کە بووەتە چوارچێوەیەکی سەرچاوەیی بۆ هەمو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکان"(**رضا عبدالواجد أمين، 2007: 43**). هەر بۆیە "لە درێژایی دەیەی حەفتادا ئەم زاراوەیە لە بواری زانستو زانکۆییدا بەکارهێنرا، ئیتر وردەوردە هاتە نێو بەشە جیاوازەکانی زانستەکانی ترەوە، بەجۆرێك کە لە ئێستادا ئەم دیاردەیە بابەتی زۆرینەی لێکۆڵینەوە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵناسییەکانە"(**امير مسعود شهرام نيا، 1392: 54**). مەبەست لە "جیهانگیری بەرهەمێکە لە بەرهەمە پێشکەوتووە سەرسوڕهێنەرەکان لە شۆڕشی کەرەستە پەیوەندییە نوێیەکاندا، ئەمەش وایکردوە، کە جیهان ببێتە گوندێکی بچوك، هەروەها بووەتە هۆکاری لادانی بەربەستەکانی شوناسی ڕۆشنبیری"(**محمد عماره: 1999: 39**)، یان "جیهانگیری بریتییە لە دیاردەی تەسککردنەوەی کاتو شوێن، کە لە ئەنجامی پێویستی مرۆڤەکان بە یەکتر لە جیهانداو بە شێوەیەکی هۆشیارانە دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵگایەکی جیهانی. بەم شێوەیە زۆرێك لە کۆتوبەندەکانی (سنورەکانی) جوگرافیاییو سیاسی بەگوێرەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی (کەلتوری) لە نێوان کۆمەڵگاکاندا لەناودەچێت یان کەمدەبێتەوە"(**امير مسعود شهرام نيا، 1392: 56**). بۆیە "جیهانگیری بە پلەی یەکەم بەواتای سڕینەوەی ڕەگەزنامەیە، یان داخورانی پلەبەپلەیە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین، گواستنەوەی وڵاتی نیشتمانییە بۆ وڵاتی بێسنور" (**أولريش بك، 2012: 38**).

لە کۆی هەمو ئەم چەمکانەدا جیهانگیری چەمکێکی گشتگیرەو ڕۆچووەتە نێو سەرجەم ئاراستەو بوارەکانی ژیان بۆ پەسنکردنی جموجوڵی گۆڕانکاریی بەردەوامو پەیوەندیدار، هەر بۆیە "ڕەگەزە سەرەکییەکان لە بیرۆکەی جیهانگیریدا ئەمانەن: زیادکردنی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان نەتەوەکانە، کە خۆی لە گۆڕینەوەی کاڵاو خزمەتگوزاری، یان لە گواستنەوەی سەرمایەداری، یان لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانو بیرۆکەکاندا، یان لە کاریگەریی کەلتورو دابونەریتەکانی نەتەوەکانی تر لەسەر

نەتەوەیەك دەنوێنێت"(**جعرير محمد، 2015: 39**)، هەروەها "مانۆێل کاستێلز (Manuel Castells) بە ئاماژەدان بۆ سەردەمی پەیوەندییەکان، جیهانگیری بە سەرهەڵدانی جۆرە تۆڕێك دەزانێت، کە لە پاشکۆی سەرمایەداری (درێژەدانی سەرمایەداری)، ئابوری، کۆمەڵگاو کەلتور دەگرێتەخۆی"(**خدیجه سفیری، زهرا نعمت اللهی، 1391: 44**)، هەر لەبەرئەوەشە "جیهانگیری بەم وێنەیەی ئێستا دیاردەیەکە کاریگەرییەکانی خۆی بەسەر هەمو مێژوی مرۆڤایەتی لە ڕابردو و ئێستاو داهاتودا بە هێز سەپاندوە"(**لعساس اسیا: 87**)، کەواتە "جیهانگیری بە زمانێکی سادە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بون، پەیوەستبون، قبوڵکردنی خەڵك، بەرگەگرتنی بیروباوەڕیان‌و گونجاندن‌و ڕەفتاری باش لەگەڵ خەڵك بە شێوەیەکی بەرامبەری. هەر لە میانەی ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕ ئەندێشەیەك دروستدەبێت، کە لە ڕێگای هیدایەت و پەروەردەی کەسی بەرامبەر کاریگەردەبێت"(**شهرام اسدی، 1384**). دەکرێ بڵێن جیهانگیری بەواتای نێودەوڵەتیبون دێت. لەم ڕووەوە جیهانگیری تەنها سیفەتێك نییە بۆ پێناسینی پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان وڵاتان‌و دەستەواژەی جیهانگیری دەستنیشانکەری گەشەی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی‌و پەیوەستەیی بەرامبەری بەتایبەت لە بواری ئابوریدایە، جوڵەیەکی بەرفراوان‌و بەرەو پەرەپێدانی بازرگانی‌و خستنەگەڕی سەرمایە لە نێوان وڵاتاندایە.

1-2) قۆناغەکانی سەرهەڵدانی جیهانگیری‌و هۆکارەکانی:

هەڵبەتە سەرهەڵدانی جیهانگیری بۆ پاش هەرەسهێنانی شوعیەت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردو و باڵکێشانی ئەمریکا بەسەر جیهاندا دەگەڕێتەوە، لێرەیشەوە زاراوەی جیهانگیری بڵاوبویەوەو بەتایبەتی لەو کاتەوەی، کە وڵاتانی جیهان ڕێککەوتنامەی بازرگانی جیهانیان لەژێر فەرمانی ئەمریکادا واژوکرد، تاوەکو کۆمپانیا بێسنورەکان بتوانن باڵ بەسەر بازاڕە جیهانییەکاندا بکێشن. تەنانەت لە "فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ وشە نوێیەکانی زمانی ئینگلیزی ئاماژە بۆ چەمکی جیهانگیری بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1991) دەکات‌و بەوەش پەسنیدەکات، یەکێکە لەو وشە نوێیانەی، کە لە نەوەدەکاندا دەرکەوتوە"(**بڕوانە: Ronald Robertson,1987: 8**).

بەگشتی دەربارەی سەرهەڵدانی جیهانگیری بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەکرێت:(**یوسف کشاورز، 1391: 181**)

1. قۆناغی یەکەم/ لە سەدەی شازدەیەوە (16) تاوەکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە ساڵی (1945) لەگەڵ زیادبونی دانیشتوانی ئەوروپادا، وەك: داهێنانە بەرفراوانەکان، شۆڕشی پیشەسازی، بەزاندنی ڕێکخستن‌و باوبونی بزوتنەوەی کرێکاری.
2. قۆناغی دووەم/ لە ساڵی (1945)هوە تاوەکو لەناوچونی جەمسەری ڕۆژهەلاتی لە ساڵی (1989)، کە سەردەمی دروستبونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووە.
3. قۆناغی سێیەم/ لە ساڵی (1989)هوە تاکو ئێستا، واتە سەرکەوتنی ڕۆژئاوا لە شەڕی ساردو سیستەمی تاکجەمسەری ئەمریکا.

بەڵام هەندێکی دیکە دەیگەڕێننەوە بۆ مێژویەکی کۆنتری وەکو یۆنانی کۆن‌و فێرکراوەکانی گەورەی کلێساکان لە سەدەی ناوەڕاستداو بیرۆکەی بیرمەندەکان لە سەدەی نۆزدەیەم‌و بیستەمی ئەوروپا دەزانن. هەندێکی تر بە جەختکردنەوەیەکی زۆر بنەمای فەلسەفی و تیۆری جیهانگیریی سیستەمی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوای ئەوروپاو باکوری ئەمریکا بە بڵاوبونەوەی کتێبی (ثروت ملل)ی ئادام ئێسمیت باسدەکەن(**علی شکوری، 1389: 64**).

کۆمەڵێك هۆکار لەپشت سەرهەڵدانی جیهانگیرییەوە هەن، لەوانەش:[**بڕوانە: (عزیز صابر، 1388)و (عبدالقیوم سجادی، 1383: 30)**]:

1. گەشەی بازاڕی دارایی بازرگانی: لەم کۆتاییانەدا قەبارەی بازاڕە داراییەکان بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی بازرگانی جیهانی گەشەیەکی خێرای هەبووەو بە هۆکارێکی گرنگ‌و هێزی بەرەوپێشبردنی جوڵەی یەکپارچەیی جیهانی گۆڕاوە.
2. لەناوچونی سیستەمی سۆشیالیستی‌و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، لەناوچونی یەکێتی سۆڤیەت‌و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد بو بەهۆی بەرفراوانبونی بازاڕی جیهانی‌و قوڵبونەوەی پەیوەندییە ئابورییەکان.
3. هۆکاری سێیەمی جیهانگیری، گەشەی چالاکی کۆمپانیاکانی زیاتر لە وڵاتێك، تێکەڵبونی جیهانی، دەستکەوتی گەشەی چالاکی کۆمپانیاکانی زیاتر لە وڵاتیکە، ژمارەی ئەم کۆمپانیایانەو مەودای کارتێکەریان فراوانبۆتەوە.
4. چوارەمین‌و ڕەنگە گرنگترین هێزی پێشخستنی جیهانگیری، شۆڕشە لە تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان، پەیوەندییەکان‌و بارکردن‌و گواستنەوەیە، کە تێچوی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی دورەوە کەمدەکاتەوە، لەم ڕووەوە گرنگی ماوە لە چالاکییە

ئابورییەکان بە کەمترین ڕێژەی پێویست دەگەیەنێت. بۆ پاڵپشتی ئەم هۆکارەش (د. برکات محمد مراد) دەڵێت: "شۆڕشی زانستیو تەکنەلۆجیای زانیاریو پەیوەندییەکان وزەی دروستکەرو هاندەرو جوڵێنەری جیهانگیرییە"**(برکات محمد مراد، 2001: 158)**.

5. پێنجەمین هۆکاری جیهانگیری، بابەتی نێودەوڵەتیبوونی بابەتە ژینگەییەکانی وەکو گەرمبونی زەویو بونی بارانە ترشیەکانە، ئەم بابەتە ژینگەییە جیهانیانە پێویستی بە ڕێگەچارەی جیهانییە، بەم واتایە کە بۆ چارەسەرکردنیان هاوکاریە نێودەوڵەتییەکانو کۆکبونی سیاسەتەکانە، نە تەنها گرنگە، بەڵکو بابەتێی گرنگی ژیانە.

1-3) جۆرەکانی جیهانگیری:

لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانگیریو کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتیو بوارە جیاجیاکانیدا، بەوەش جیهانگیری زیاتر لە چەند جۆرێكو لە چەند شێوازێکی جیاوازدا دەرکەوت، زۆر پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەم جۆرانەدا بکەین، چونکە ئەم جۆرانە لە ڕوی واتاو ناوەڕۆکەوە جیاوازن. هەرچەندە جیهانگیری ڕۆچوەتە نێو هەمو بوارو کایەکانی ژیانەوە، بەڵام بەگشتی چوار جۆر دەستنیشانکراون، کە بەکورتی لە خوارەوەدا باسیاندەکەین:

1. جیهانگیری ئابوری: جیهانگیریی ئابوریی سەرمایەداری بەتایبەت بابەتە داراییەکان دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکو لە کۆنیشدا گرنگی پێدراوە، ئەوەی لەم ڕووەوە بە دیاردەیەکی نوێ دێتە بەرچاو، خێرایی ئەم دیاردەیە لە دەیەکانی حەفتاو هەشتادا، هەروەکو لەم ساڵانەی دواییدا ئاڵوگۆڕی کاڵاو شتومەكو خزمەتگوزاریی سەرمایەو تەکنۆلۆجیا گەیشتۆتە ڕادەیەك، کە بو بەهۆی گۆڕانکارییەکی زۆر لە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتی بڕیاردان لە ئابوری جیهانیدا**(مهدی سجادی، 1382: 5)**.
2. جیهانگیری سیاسی: ڕوی سیاسیی جیهانگیری کەمبونەوەی ڕۆڵی دەوڵەت . میللەتەکانو بەرزبونەوەی ڕۆڵی تواناییو دەسەڵاتی کۆمپانیا تایبەتەکانو ڕێکخراوەکانی زیاتر لە وڵاتێك، بۆیە لە سیاسەتی جیهانیدا، دەوڵەتەکان وردەوردە کۆنترۆڵو بەڕێوەبەرایەتیو هەڵبژاردنەکانیان لەدەستدەدەنو چاودێریکردنیان بەسەر هێزە ناوخۆییەکان کەمدەبێتەوە. هۆکاری جیهانگیری لە زەمینەی سیاسەتدا خودی دەوڵەتەکانن، کە لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە تۆڕەکانو ڕێکخراوی زیاتر لە وڵاتێكو بەتایبەت ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی دەبێتەهۆی لاوازبونی خۆیو زاڵبونی وڵاتانی تر بەسەر خۆیاندا زیاددەکەن**(اسیە قوامی، 1392: 5)**.
3. جیهانگیری فەرهەنگی (کەلتوری): لەم ڕووەوە دامەزراوە کەلتورییەکان بەهۆی تەکنۆلۆجیای پەیوەندیی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، ئەلیکترۆنیو نائەلیکترۆنی، شەپۆلی کۆچکردنە گەشیارییەکانو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە جیهانییەکانو....تاد، ناوەڕۆکی ژیانی کەسەکانی لە ئاستێکی جیهانی گۆڕاوە، جیهانگیری بەواتای یەکبونی کەلتورەکان لەگەڵ کەلتوری ڕۆژئاوادا نییە**(حیدر لطفي و ازادە محمدزادە، 1389: 7)**.
4. جیهانگیری کۆمەڵایەتی: فراوانبونی خێرای کۆچکردنەکانو پیشەسازیی گەشتیاری، بۆ نمونە: ڕێبەرەکانی ژیانو بابەتە هاوبەشەکانی جیهانی، هەموی بە بەشێك لە جیهانگیریی کۆمەڵایەتی دادەنرێن**(اسیە قوامی، 1392: 5)**.

1-4) کاریگەرییەکانی جیهانگیری:

بێگومان جیهانگیری وەك دیاردەیەکی جیهانی کاریگەریی خۆی لەسەر بوارەکانی ژیان نواندوە، ئەشێ ئەو کاریگەریانە بەشێکیان باشو ئەرێنی بن، بەشێکیانیش خراپو نەرێنی بن.

1-4-1) کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جیهانگیری: **(بڕوانە: حیدر لطفي و ازادە محمدزادە، 1389: 8)**

1. یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی جیهانگیری، گواستنەوەی تەکنۆلۆجیایە بۆ سەرانسەری جیهان، جیهانگیری دۆخێك بۆ گەشەکردن لە بواری پەیوەندییەکانو زانیارییەکان دەڕەخسێنێت، بەم شێوەیە لەژێر تیشکی پەیوەندییەکانو تەکنۆلۆجیای نوێی پەیوەندیی جیهانگیری، جۆرێك لە پەیوەستبونو گرێدان لە سەرانسەری دونیادا دروستدەبێت.
2. یەکێکی تر لە سودەکانی جیهانگیری ململانێی نێودەوڵەتییە، لەگەڵ دابەزینی نرخی بارکردنو گواستنەوەو گەشەی تەکنۆلۆجیای پەیوەندییەکان، بنکە ئابورییەکان، هەمو بازاڕە جیهانییەکان بە بازاری خۆیان دەزانن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سەرەتا

ئابوریی ناوخۆیی بەشێوەی ڕکابەرایەتی بێت، بۆ ئەوەی کاڵا هەناردەکراوەکان توانای ڕکابەری لەگەڵ کاڵا دەرەکییەکانیان هەبێت و لە هەمان کاتیشدا کاڵا ناوخۆییەکان توانای ڕکابەری لەگەڵ کاڵای هاوردەکاندا هەبێت.

3. کاریگەرییە باشەکانی جیهانگیری بۆ کۆمەڵگا پیشەسازییەکان زیاترە لەو کۆمەڵگایانەی، کە لەکاتی گەشەکردندان و جیهانی سێیەمیین، بۆ نمونە داگیرکردن هەرچەندە یەکێك بو لە لایەنە نەرێنییەکانی جیهانگیری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەبو، ئەویش ئاشنابونیان بە کەلتورو تەکنۆلۆجیای ڕۆژئاوا بەهۆی داگیرکەرانەوە بو و بڵێسەی ڕۆشنبیری و گەشەکردن و پێشکەوتن لەم کۆمەڵگایانەدا زیندوبووەوە.

4. دیموکراتی لایەنێکی ئەرێنی تری جیهانگیرییە، کە بەجۆرێك بەشداریکردنی دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار بەتایبەت کاروباری حکومی.

5. لایەنێکی ئەرێنیی تری شۆڕشە، ئەگەر جیهانگیری هاوتای شۆڕشی زانیاری و پەیوەندییەکان بزانین، کەواتە جیهانگیری جۆرێکە لە شۆڕش، چونکە شۆڕش دەبێتەهۆی ئەوەی، کە پێکهاتە پێشووەکان لابدرێت و پێکهاتەی نوێ شوێنی پێکهاتە پێشووەکان بگرێتەوە.

6. کەرتسازی یەکێکی ترە لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جیهانگیری، واتە پێدانی ئابوری لە کەرتی دەوڵەتی بۆ کەرتی تایبەتی.

7. هەروەها جیهانگیری دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی ئازادیی زیاتر، کاتێك کە سنورەکان لادەبرێن و کەسەکان لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی پەیدادەکەن، ئەم کارەش دەبێتە هۆی گەشەی فکریی و وادەکات، کەسەکە مافەکانی خۆی بەباشی بزانێت.

2-4-1) کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری:

1- "ئەنتەرنێت: ئاسانترین کارێك کە لە ئەمڕۆدا خوێندکارەکان لەگەڵ ئەنتەرنێتدا خەریکن، بەکارهێنانی نەگونجاویەتی، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك کۆمەڵێك دەستەواژەی جیاواز بەکاردەهێنن و بەگەڕان لە ئەنتەرنێتدا بابەتەکان پەیدادەکەن و لەپاڵ یەك دایدەنێن و شتێك بەناوی توێژینەوە، یاخود ڕاپۆرتی لێ دروستدەکەن. تۆڕی ئەنتەرنێت لێکۆڵینەوە لەوەی کە هەیە، ئاسانتر پیشاندەدات، چونکە ئەنجامێکی بێکۆتایی لەبەردەستایەو هەروەها سەرچاوەکی زۆر، بۆیە بابەتەکە زۆر ئاسان و خێرا دەخاتە بەردەست، پێچەوانەکەیشی ڕاستە، سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی زانیارییە.

2- لەناوچونی فەرهەنگە (کەلتورە) ڕەسەنەکان و زاڵبونی تاکە فەرهەنگێك: شوناسی نەتەوەیی ئامێرێکە بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی تر، بەپێی زانیاری و ئاگایی هاوبەش لەبارەی واتا، یاخود ئەو واتایانەی کە کۆمەڵگایەك لەم بارەیەوە دایانناوە، تا کاتێك کە زانیاریی ڕۆشنبیریی هاوبەش لە نێوان خودو کەسی تر (واتە کەسەکان، ئەندامانی کۆمەڵ) سەرهەڵنەدات، ئەوا شوناسی نەتەوەیی ناتوانێت دروستببێت. لەبارەی جیهانگیریی ئەو بابەتەی، کە دەبێتە هۆی نیگەرانی گەشەی بیرۆکەی دروستکردنی فەرهەنگێك (کەلتورێك) زاڵ بەسەر فەرهەنگەکانی (کەلتورەکان) تردا دەبێت، کەلتورێك کە لەلایەن ڕەسانە جیهانییەکانی ڕۆژئاواو تۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان بانگەشەی بۆ دەکرێت، کەلتورێك کە بە خەڵك دەڵێت و فێریاندەکات، چی لەبەرکەن و چی بخۆن و چۆن بژین و چۆن بیربکەنەوە.

3- کەمبونەوەی بەهای کاتی ڕابردو و بەرزبونەوەی بەهای داهاتو: کاتی ڕابردو یەکێك لە بنەمای گرنگەکانی سیستەمی پەروەردەیی سوننەتی کۆمەڵ، کە بەهایەکی هەرە زۆری هەیە، کە هەمیشە بە ئەزمون باسی لێوەدەکرێت و کەسە بەتەمەنەکان بە خاوەن ئەزمون دادەنرێن، هەوڵدەدرێت، ئەو کەسانەی کە خاوەن ئەزمونن، سود لەو ئەزمونانەیان وەربگیرێت، ئەمە لە کاتێکدایە، ئەو گۆڕانکاریانەی لە تەکنۆلۆجیاو ڕێگا نوێیەکانی پەروەردەیی ڕویانداوە، بەتەواوی ئەم بنەمایەی گۆڕیوە، لەبەر ئەوەی گەنجی ئەمڕۆ وا هەستدەکات، کە پێویستی بە ئەزمونی نەوەی پێشی خۆی نییەو گەیشتۆتە زانیارییەك، کە زۆر زیاترە لە زانیارییەکانی نەوەی پێش خۆی. بەپێی گەشەی خێرای توانا پەروەردەیی و پەیوەندییە نوێیەکان لە کۆمەڵەکەیدا، ئەم گۆڕانکارییە خەریکە ڕودەدات، بۆیە نەوەیەکی نوێ لە فێرخوازەکان لە ڕێگەدان کە بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان سەبارەت بە ڕابردو هەیە و ناتوانرێت چاوەڕێی ڕێز لە پلەی بەدەستهێنراوی کەسانی پێشوتر لە خۆیان بکرێت"**(حبیب صبوری خسروشاهی، 1389: 28-25)**.

4- "کاریگەریی لەسەر زمان و پەروەردە: یەکێك لەو بابەتانەی، کە لە باسی دواهاتی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکاندا دەکرێت، دەبێت بە شێوەیەکی جیاواز لە بابەتەکانی تری فەرهەنگی باسی لێوەبکرێت و گرنگیی پێ بدرێت، زمانە. لە ڕەسانە ئەلیکترۆنییە

نوێیەکان، بەزۆری زمانی ئینگلیزی زاڵەو دەیەوێ خۆی بەسەر فەرهەنگی هەمو وڵاتاندا بسەپێنێت، کارتێکەری و بەرفراوانی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگای تەلەفزیۆنەکانی مانگی دەستکردی سەتەلایتو ئەنتەرنێتەوە لە جێی خۆیدا دەتوانێت گرنگترین مەترسی لەسەر زمانی نەتەوەیی و ناوخۆیی هەبێت، لەو ڕووەوە کە هەمو کەناڵە پەیوەندییەکانو ڕەسانە جیهانییەکان تەنها تایبەتن بە چەند زمانێکی دیاریکراو و زمانەکانی تر بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسە جیاوازەکان لە هەمو شوێنێکی دونیادا، ناچارن بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەم زمانانەدا، بۆیە ئەم کارە دەتوانێت مەترسییەکی گەورە بۆ زمانەکانی تر دروستبکات، بەشێوەیەك بە تێپەڕبونی کات بەرەو لەناوچون بڕواتو چالاکی خۆی لەدەستبدات"**(مرضية عالى، 1392)**، باشترین نمونەش "ئەمڕۆ نزیکەی (417) زمان لەناودەچن، کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکە بەتەمەنەکانەوە قسەی پێدەکرێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆری زمانیش لە چەند لایەنێکەوە دەپوکێنەوە"**(Stig Hjarvard, 2004:76)**.

5- "سەرهەڵدانی دیاردەی نەخوێندەواری فەرهەنگی لەنێو چینی خوێندەوارو پسپۆڕاندا.

6- کەمبونەوەی هێزە مرۆییە پسپۆڕەکان لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتان بۆ وانەوتنەوەو فێرکردن لە پۆلە چەند فەرهەنگییەکاندا"**(فتاح صابرى: 982)**.

7- "تێکدانو لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری نەتەوەیی نەتەوەکانە"(مرني صنديد هوارية، 2012: 28).

1-5) دەرئەنجامەکانی جیهانگیری:

بەگشتی دەرئەنجامەکانی دیاردەی جیهانگیری لەم خاڵانەدا خۆی بینییەوە:**(بڕوانە: أحمد على الحاج محمد، 2011: 29-31)**

1. ئەم دیاردەیە هەمو وڵاتانی جیهانی گرتەوە، تەنانەت ئەو وڵاتانەیشی گرتەوە، کە داخراون، وەك چین، بەمەش بازاری نوێ هاتوەتەکایەوە، کە لەسەر ئاستی جیهانی بەیەکەوە پەیوەستن، ئەمەش بە ئازادیی دراوی بیانی و سەرمایەداری پەسندەکرێت.

2. هەڵوەشاندنەوەی یان کۆتایهێنانی کاتو شوێن، بەزاندنی سنوری جوگرافی و ڕامیاری، تێپەڕاندنی ڕۆشنبیرییە نەتەوەییەکان.

3. زیادکردنێکی بەرچاو لە گواستنەوەی شتومەكو خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانەکان، لە ئەنجامی پەرەسەندنی بازاڕەکانو مەودا ئابورییەکانو گۆڕینەوە بازرگانییەکاندا.

4. گەشەکردنی خێرا لە گۆڕینەوەی زانیاری و بیرو زانینو بەهاکانو مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەپێی میکانیزمەکانی بازاڕ.

5. دەستبەرداگرتنی کۆمپانیا زەبەلاحە فرە ڕەگەزەکان لەسەر جموجوڵی کاڵاو خزمەتگوزاری و سەرمایەو زانیاری و ڕاگەیاندنەکان.

6. دۆزینەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کاراکان، وەك (ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی)، کە دەسەڵاتێکی بەهێزیان بەسەر حکومەتە نیشتمانییەکاندا هەیە.

7. خێراکردنی جموجوڵی ڕزگارکردنی ئابوری لەسەر ئاستی جیهان بەرانبەر بڵاوبونەوەی بەرنامەی چاکسازیی ئابوری لەپێناو فراوانکردنی ئاراستەی بەرەو بەتایبەتکردنو سنوردانان لە دەستتێوەردانی وڵاتان لە بەڕێوەبردنی ئابوریدا.

8. هەبونی ڕێساگەلێکی نوێ بۆ بەستنی کۆمەڵێك ڕێککەوتنی نێوان لایەنە جیاوازەکان لەبارەی بازرگانی و خزمەتگوزارییەکانو خاوەندارێتییە بیرییەکانەوە، ئەمەش پاڵپشتە بە کۆمەڵێك میکانیزمی جێبەجێکاریی بەهێز، کە حکومەتە نیشتمانییەکانی پێوە پەیوەستدەکات.

9. ڕودانی جیهانگیریی پەروەردەیی، ئەویش بە دەرچونی سیستەمەکانی فێرکردن لە چوارچێوەی لاسایی و پەرەسەندنی هاوبەشی کەرتی تایبەت لە فێرکردنو گۆڕینی ئەرکەکانی فێرکردن بۆ سیستەمەکانی زانیاری و پەیوەندییکردنو ڕاگەیاندن، هەروەها گۆڕینی جیهانی گەردونی بۆ ژینگەیەکی پەروەردەیی.

10. گشتاندنی ڕۆشنبیری و زمانی وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکان بەسەر وڵاتانی دیکەدا، کە لەسەر بنەمای ڕۆشنبیریی هاوردە بونیادنراوە، ئەمەیش لە ئەنجامی لێکدانو یەکخستنی ڕۆشنبیرییە لە کردەی ئابوریی بازرگانیدا، تاوەکو ببێت بە کاڵایەکی بەرجەستە (مادی)، کە توانای ئاڵوگۆڕکردنی هەبێت.

11. کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەتە نیشتمانییەکان لە کایەکانی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، ئەنجامەکەیشی ئەرکەکانیان پەراوێزخرانو گۆڕینیان بۆ پارێزگارکردن لە بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا جیهانیو نێوخۆییەکاندا.

بەم پێیە جیهانگیری وەك دیاردەیەکی جیهانی باڵی بەسەر هەموو ئاستەکانی یان بوارەکانی ژیاندا کێشاوە، کە خۆی لە یازدە دەرئەنجامدا دەبینێتەوە، یەکێك لەو دەرئەنجامانەش لە خاڵی (10)دا دەردەکەوێ، کە بواری ڕۆشنبیریو زمانیش لەو شۆڕشە بەدەر نەبووە، کەواتە جیهانگیریی زمانی بۆ خۆی لە ئەمڕۆدا بۆتە هەڕەشەیەك لە بەردەم زمانی هەموو نەتەوەو وڵاتەکان چ لەسەر ئاستی جیهانیو چ لەسەر ئاستی نێوخۆیی، لێرەدا ڕووبەڕوی چەندین پرسیار دەبینەوە، ئایا چۆن ڕووبەڕوی ئەو هەڕەشەیە دەبینەوە، هەروەها میکانیزمی کارکردنو پلان چییە بۆ پاراستنی شوناسی زمانیو داهاتوی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی؟ ململانێی زمانەکان لە بەرانبەر جیهانگیریی زمانی ئینگلیزی لە کایەکانی پەروەردەییو زانستیو ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ....تاد بەگشتیو بەتایبەتی زمانی کوردی چییە؟

## 2) جیهانگیریی زمانی (العولمة اللغوية . Language Globalization):

2-1) چەمكو پەیامی جیهانگیریی زمانی:

جیهانگیری سیستەمێکی جیهانی نوێیە، کە لە ڕێگەی تۆڕە جیهانییەکانو تەکنەلۆجیای زانیاریو شۆڕشی پەیوەندییکردنو ڕاگەیاندن بونیادنراوە، ئەمەش وابەستەیە بە زانیارییەکانەوە بەبێ ڕەچاوکردنی سیستەمەکانو شارستانیەتەکانو کەلتورەکانو بەهاکانو سنوری جوگرافیو سیاسی لە جیهاندا، ئەم زانیاریانەش پێویستی بە ئامرازێکە بۆ گەیاندنو پەیوەندیکردن، کە خۆی لە زماندا دەبینێتەوە، هەر بۆیە "لەگەڵ هاتنی تەکنەلۆجیای زانیاری، زمانی خستوەتە لوتکەی هەرەمی زانینەوە، بەم شێوەیە زمان بووەتە گرێدراوەی نەخشەی زانینو کۆڵەکەی بنەڕەتیی فەلسەفەی زانستەوە، تەنانەت هیچ ڕێبازێکی فەلسەفی بەبێ لایەنی زمانی بونی نییە"(**نبيل علی، 2001: 232**)، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو واتایەی کە، زمان بە گرنگترین ئامرازی لەیەکترگەیشتنو پەیوەندییکردنو گەیاندن لە پێشکەوتنو گەشەکردنی تەکنەلۆجیای زانیاری دادەنرێت.

بێگومان "جیهانگیری چەند ڕویەکی هەیە: ئابوری، ڕۆشنبیری . زمانی، سیاسی"(**جعرير محمد، 2015: 39**)، واتە جیهانگیری چەمکێکی گشتگیری ئابوری . سیاسی . ڕۆشنبیرییە، کە بوارەکانی ئابوریو سەربازیو تەکنەلۆجیو ڕاگەیاندنو زمانو ئایدیۆلۆجیو کەلتورو شارستانیەتو ...تاد لەخۆدەگرێت، زمانیش ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری، بەو پێیەش "زمان ڕەگەزێکی ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیریش بناغەی شارستانیەتە، شارستانیەتیش ناسینی شوناسە، لێرەدا زمان یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی نەتەوە، کە شارستانیەتەکان پشتی پێدەبەستنو هەروەها گرنگترین هۆکارە بۆ پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی، هەرچەندە زمان زیاتر پەیوەندی بە ڕۆشنبیریی نەتەوەکانەوە هەیە، بەڵام دەتوانێت بەسەر پێکهێنانو هەڵگرتنی شوناسی نەتەوەییدا زاڵببێت"( مرني صنديد هوارية، **2012: 1**)، بۆیە لە چوارچێوەی جیهانگیریی ڕۆشنبیریو فەرهەنگیدا، باس لە ڕۆڵو گرنگی زمان دەکرێت، کە یەکێکە لەو بوارانەی، کە وەك هۆکارێك یان ئامرازێك لە برەودانو گەشەسەندنی جیهانگیری ڕۆڵێکی چالاكو کاریگەری لە پاش کۆتاییهێنانی جەنگی ساردو باڵکێشانی تەکنەلۆجیای زانیاریو داهێنانە زانستییەکانو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەسەر جیهاندا بینیوە، ئەمەش بە (جیهانگیریی زمانی) ناودەبرێت. هەرچەندە "هەندێك لە زمانەوانەکانو مێژونوسە ڕۆشنبیرەکان بە (جینۆسایدی زمانی) ناویدەبەنو ئەم تۆمەتەش دەدەنە پاڵ جیهانگیری"(**Stig Hjarvard, 2004:77**). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی:

1- "جیهانگیریی زمانی پشتئەستورە بە ناوەندەکانی هێزی ڕۆژئاوا، کە دەسەڵاتیان بەسەر زانستو تەکنەلۆجیادا هەیەو دەتوانن بەچاکی ئەندازەی پەیوەندییکردن لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانو بەها ڕۆژئاواییەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بەکاربهێنن"(**طلال وسام أحمد البكري، 2015: 62**).

2- "جیهانگیری هەموو جیهانی لە هەر بوارێك لە بوارەکان یەکپۆشکردوە، ئەویش بە نزیککردنەوەی مرۆڤەکانو توانەوەی جیاوازی نێوانیان لە بیرو زمانو کەلتورو ئاڵوگۆڕی بازرگانیو پیشەسازیو .....تاد، بەمەش هەموویانی بە توانەوەی هەموو بۆشاییو بەربەستەکانی نێوانیان یەکخستوە، ئەگەر چی بەربەستەکان شوێنی یان کاتی بن، هەروەك چۆن لە گوندێکدا دەژین"(**ميلود بن غربي، 2008: 46**). ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە کاریگەریی جیهانیی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانو

شارستانیەتو کەلتورەکانی تر دەردەکەوێتو بەشێوەیەکی بەرچاو باڵی بەسەر بوارەکانی ژیاندا گرتوە، هەرچەندە "زمانی ئینگلیزی تەنها موڵکی نەتەوە قسەکەرە ئینگلیزییەکان نییە، بەڵکو لەلایەن زۆرینەی خەڵکی سەر زەوی وەك زمانی دووەم یان زمانێکی تر قسەی پێدەکەن"(**Ahmad Al-Hassan: 5**)، لەم ڕوانگەیشەوە جیهانگیریی زمانی بەواتای زاڵبونی زمانێکی بەهێزی وەك زمانی ئینگلیزییە بەسەر زمانە لاوازەکانی ترو پشتگوێخستنیان لە بوارەکانی سیاسیو ئابوریو زانستیو رۆشنبیریو ...تاد دێت.

3- "مەترسی بونی زمانێکی جیهانی دروستکردنی چینێکی تاکزمانییە لە کۆمەڵگای جیهانیدا، کە هەوڵدەدات، زانین بەو زمانە لە پەیوەندیی رۆشنبیریو بازرگانیو ئابوریو ...تاد بەکاربهێنێتو باڵیان بەسەردا بکێشێت، بەکارهێنانی ئەو هێزە زمانییەش بەرهەمی زانینی زمانێکی جیهانییە، بەو واتاییە زمانی یەکەمە بۆ سەرکەوتن بەسەر زمانەکانی تر لە بوارە جیاجیاکاندا.

4- یەکێکی تر لەو مەترسیانە تەمەڵی زمانییە، چونکە ئاخێوەرانی زمانە جیهانییەکە بەو پێیەی زمانەکەیان زمانی یەکەمە، بۆیە ئارەزوی فێربونی زمانەکانی تر ناکەن، هەروەها ئەو ئاخێوەرانەش، کە بە زمانی دووەم دەدوێن، فێری تەمەڵی دەبن لە پێشخستنو پەرەپێدانی زمانەکەیان لە ئەرکە زمانییەکاندا، کاتێ کە مامەڵە بە زمانە جیهانێکە لەسەر ئاستی جیهاندا دەکەن، هەر ئەمەش وادەکات، کە ژمارەیەك لەو زمانانە بەهۆی پشتگوێخستنو بایەخ پێنەدانیان لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا لەناوبچنو بمرن"(**طلال وسام أحمد البكري، 2015: 55**).

هەمو ئەمانەش ئەوە دەخەنەڕو، کە مەترسییەکانی جیهانگیریی زمانی لە جۆرەکانی تری جیهانگیری کەمتر نییە، بەڵکو مەترسیترین جۆری جیهانگیرییە، چونکە جیهانگیریی زمانیی زمانی ئینگلیزی تەنها وەك زمانێك بۆ پڕ چەککردنو هێرشکردنە سەر جیهانو بالادەستی بەسەر هەمو زمانەکاندا نییە، بەڵکو زیاتر جیهانگیریی رۆشنبیریی ئەو زمانەو بالادەستییەتی بەسەر هەمو رۆشنبیریی جیهاندا، هەر بۆیە "شانازیکردن بە زمان تەنها لەدایکبوی شانازیکردن بە خودی زمانەکەوە نییە بە ئەندازەی شانازیکردن بەو رۆشنبیرییەی، کە ئەو زمانە دەینوێنێت، باشترین نمونەش ناکۆکیی ئەمازیغییەکان لە مەغریبی عەرەبیو جەزائیر لەپێناو چەسپاندنی شوناسیاندا بووە"(**مرني صنديد هوارية، 2012: 1**).

هەروەك ئاماژەمان پێدا، کە جیهانگیری ڕۆچووەتە نێو سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە، یەکێك لەو بوارە گرنگانەش زمانە، کە بە یەکێك لە سێ ڕەهەندو ڕەگەز سەرەکییەکەی شوناسی نەتەوەیی هەمو تاکێك دادەنرێت، ئەوی لێرەدا پێویستە قسەی لەسەر بکەین:

1. ئایا جیهانگیری ڕێگایەکە یان دەروازەیەکە بۆ ئەوەی زمانەکان لە گۆڕەپانی نێوخۆیی بەرەو گۆڕەپانی نێودەوڵەتیو جیهانی هەنگاوبنێن، یان بەپێچەوانەوە؟
2. ئایا جیهانگیری شەڕێکە دژ بە هەمو زمانەکان، بە واتایەکی تر مەترسیو هەڕەشەیە لەسەر زمانەکانی تر؟
3. ئەگەر جیهانگیری مەترسی لەسەر زمانەکەمان هەیە، ئایا ئەو هۆکارانە کامانەن، کە دەبنە بەربەست لەبەردەم ئەو مەترسییەو کاریگەرییەکانی کەمتر دەکاتەوە؟ یان ئەو هۆکارانە کامانەن، کە دەبێت بیانگرینەبەر بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییە؟

ڕەنگە هیچ شتێك زیاتر لە داهێنانە زانستیو پیشەییەکان ڕێگەخۆشکەر نەبن بۆ جیهانگیریی فەرهەنگی (بیری، هزری)، چونکە "ئەم تەکنۆلۆجیایە پەیامێکی سەرەکی بۆ جیهانگیریی فەرهەنگی بەدواوە بووە، کە ئەویش ڕاکێشانی نەتەوەکان بۆ فەرهەنگی رۆژئاواییو زمانێکی هاوبەشو گشتی کە زمانی ئینگلیزییە، لەکاتێکدا کە فەرهەنگەکانو زمانەکانی تر بە مەودا خۆجێیەکانو نێوخۆییەکان سنوردارکراون، بۆ نمونە ئەمڕۆکە زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێکی داگیرکەر زمانی فەرمی یان ڕەواجی هەمو وڵاتە داگیرکراوەکانی پێشوی ئینگلیزن، لەوانەش وڵایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا، ئوستورالیا، ئەفریقای باشور، هیندستان، پاکستانو کەنەدا، لە خاڵی بەرانبەردا لەبەرئەوەی زمانە سەرەکییەکان نەبووەتە زمانێکی ستاندەر، بۆیە بەئاسانی ناتوانرێت دەستنیشانبکرێنو مامۆستای پێویستیش بۆیان پەروەردە نەکراوە، بەم بۆنەیەوە بە کەمزانینی زمانی کەمینەو نەگونجاو لەگەڵ پێداویستی جیهانی تازە ڕەدکراونەتەوە، لە کاتێکدا توێژینەوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەوەی خستۆتەڕو، کە فێرکردن بە زمانی دایك سودبەخشترو خێراتر دەبێت، (700) ملیۆن لە دانیشتوانی ئەفریقا بە زیاتر لە هەزار زمانی جیاواز قسەدەکەن، لە نەیجیریا

کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی خاوەن دەسەڵاتە، تەنها (400) زمان لە نێوان (250) گروپی خۆجێیی ڕەواجی هەیە"**(علی فرهادی محلی، 1390: 10)**.

یەکێك لە بابەتانەی لە باسی دواهاتەکانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، کە دەبێت جیا لە بابەتەکانی تری فەرهەنگی (هزری، بیری) بە شێوەیەکی جیاواز لەبەرچاوبگیرێت، ڕۆڵو گرنگی زمانە. لەگەڵ ئەوەشدا جیهانگیری زمانی هەوڵدەدات، کە زمانی ئینگلیزی بکاتە سەرچاوەیەك بۆ هاندانو تێگەیشتنی نێوان نەتەوەکانی جیهان، دەبینین ئەمڕۆ "زمانی ئینگلیزی شوێنێکی بەهاوتای لەنێوان زمانەکاندا گرتووە بووەتە زمانێکی هاوبەش لە تۆڕە جیهانییەکاندا"**(Stig Hjarvard, 2004:76)**، بۆیە لە دەزگا ئەلکترۆنییە نوێیەکان بەزۆری زمانی ئینگلیزی دەسەڵاتدارەو دەیەوێ خۆی بەسەر کەلتوری هەمو وڵاتاندا بسەپێنێت، کارتێکەریو بڵاوبونەوەی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگای تەلەفزیۆنەکانی مانگی دەستکردو ئینتەرنێت لە شوێنی خۆی دەتوانێت گرنگترین هەڕەشە بۆ سەر زمانی نەتەوەییو ناوخۆیی دابنرێت، هەروەك "(25%)ی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشدەکرێنو (80%)ی فلیمەکان بە زمانی ئینگلیزی دەردەهێنرێنو (90%)ی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە زمانی ئینگلیزی ئەنجامدەدرێنو (85%)ی بەڵگەنامەی بەدەستهاتو لە ئینتەرنێت بە زمانی ئینگلیزییە"**(نجاة أبو زيد، 2006: 28)**، واتە زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانێك، کە زۆرترین بەکارهێنەری لەسەر ئاستی جیهان لە بوارەکانی کارو زانستو تەکنەلۆجیاو گەشتوگوزارو فرۆکەوانیو دبلۆماسیو ئینتەرنێتو بڵاوکراوەکانو .....دا هەیە، لەبەرئەوەشە هەمو کەناڵە پەیوەندییەکانی جیهانو دەزگا جیهانییەکان تایبەتن بە چەند زمانێکی تایبەتو زمانەکانی تر بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسە جیاوازەکاندا لە شوێنەکانی تری جیهان ناچارن بە بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەم زمانانەدا، بۆیە ئەمەش دەتوانێت یەکێك بێت لە هەڕەشە سەرەکییەکان بۆ سەر زمانەکانی تر، بەجۆرێك لەگەڵ تێپەڕبوونی کات کارامەیی خۆی لەدەستدەداتو بەرەو لەناوچون بڕوات، تەنانەت "ئینتەرنێتو تەکنەلۆجیای زانیاری بە گرنگترین پێوەر لە پۆلینکردنی زمانەکاندا دادەنرێت، کە کام زمانە زیاتر توانای مانەوەو باڵادەستی هەیە، کام زمانەش زیاتر مەترسی لەناوچونی هەیە، بۆیە بونی هێزو چالاکیی زۆر هاوتەریبە لەگەڵ مانەوەو بەردەوامبون، بەپێچەوانەیشەوە نەبونی هێزو چالاکیی کەم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە بەرەو لەناوچون دەڕۆن"**(سعيد عامر، 2013: 34)**، باشترین نمونەش "لەمڕۆدا نزیکەی (417) زمان بە لەناوچو دادەنرێن، کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکە بەتەمەنەکانەوە قسەی پێدەکرێت، بەڵام چەندین زمانی تریش هەن، کە لە چەند ڕوبەکەوە لە لێواری لەناوچونن"**(Stig Hjarvard, 2004:76)**.

لە چوارچێوەی جیهانگیری زمانیدا، کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی هەن، کە یارمەتیی زمانی ئینگلیزیان داوە، بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی جیهانی، لەوانە: (1- هەردو جەنگی جیهانی، 2- گرنگی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو تەکنەلۆجیو سەربازی ئەو نەتەوانەی، کە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن. 3- فێرکردن. 4- ئامرازەکانی گەیاندن)، لێرەدا بەکورتی باس لە هەریەك لەم هۆکارانە دەکەین: [**بڕوانە: (Ahmad Al-Hassan: 2-3)**]

1- هەردو جەنگی جیهانی: هەر لە سەرەتای مێژووە تا سەدەی نۆزدەیەم، داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم) هۆکاری سەرەکی سەپاندنی زمانی هێزە سەرکەوتووەکان بەسەر هێزە بەزیوەکاندا بو، مێژو پڕە لەو نمونانە، لەوانەش: زمانی ئەڵمانی لە بەریتانیا لە ماوەی ئینگلیزیی کۆندا، زمانی فەرەنسی لە باکوری ئەفریقا، هەروەها زمانی ئینگلیزی لە هیندستانو ژمارەیەك لە وڵاتە ئەفریقییەکان لە سەردەمی نوێدا، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا هەردو جەنگی جیهانی زۆر سنوری نەتەوەکانی تێکشکاندو یارمەتی زمانی ئینگلیزی دا، کە بەسەریاندا تێپەڕێت، بەمەش زمانی دو هێزی درەوشاوەی بەریتانیاو ئەمریکا بو بە زمانێکی جیهانی، هەر ئەو دۆخەش بو بەهۆی بەردەوامی زمانی ئینگلیزی.

2- هۆکاری ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، تەکنەلۆجیو سەربازی: دۆخی جیهانیی زمان بە پشتگیریی ئابورییەکی بەهێزو تەکنەلۆجیو سەربازیو پێگەی سیاسی زمانی ئەو خەڵکەی قسەی پێدەکات، بەڕێوەدەچێت، ئەوە ڕاستییە، هەر زمانێك بەهێزدەبێت، وەك درێژی ماوەی بەهێزی ئەو خەڵکەی قسەی پێدەکات، ئەگەر ئەو کۆمەڵەیەی قسەی پێدەکەن، داڕوخاو مردن، ئەوا زمانەکەیشیان دەپوکێتەوەو لەناودەچێت، بەم شێوەیەش جیهانگیریی ئابوریو تەکنەلۆجیو سیاسی گرێدراوی هاندانی جیهانگیریی زمانە، چونکە زمان بەشێکی زیندوە لە هەر جۆرێکی جیهانگیریدا.

3- فێرکردن: یەکێکە لە ڕێگا هەرە گرنگەکانی بەهێزکردنی جیهانگیریی زمانی لە ڕێگەی فێرکردنەوەیە، هەر بۆیە سیاسەتی فێرکردنی زمانی بیانی سیاسەتی جیهانگیرییە، بەمەش هانی لابردنی بەربەستە زمانەوانییەکان دەداتو لە لایەکی تریشەوە هەروەك هانی زمانەکانیش دەدات، کە بە ئازادانە بە سنوری نیشتمانەکانیاندا تێپەڕن، لە ئێستادا زمانی ئینگلیزی لە پێگەی دووەمدایە بەبێ ڕکابەر لە سیستەمی پەروەردەیی زۆرێك لە وڵاتاندا بە جیهانی عەرەبیشەوە.

4- بەرەو پێشچونی ئامرازەکانی گەیاندن: پەخشی ڕادیۆو کەناڵەکانی سەتەلایتو ئینتەرنێت دان بە هیچ سنورێکدا نانێن، چەند وڵاتێکی کەم توانیویانە ئامرازەکانی گەیاندن قەدەغەبکەن، کە بە ئازادانە لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە بەکاردەهێنرێن. بە دڵنیاییەوە زمانی ئینگلیزی بەشێکی گەورەی ئامرازەکانی گەیاندنی داگیرکردوە، یەکێك لە ڕووە گرنگەکانی ئەم ئامرازە گەیاندنانە بریتییە لە وەرگێڕان بە پرۆسەی گواستنەوەی تێکست لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بێگومان دەبێتە هۆی گواستنەوەی کەلتوری سەرچاوەی زمانەکە، ئاشکراشە کە لە ماوە جۆربەجۆرەکانی مێژودا، وەرگێڕان بووەتە هۆکارێکی گرنگی فریادڕەسو زیندوکردنەوەی کەلتورو شارستانییەتەکان.

ئەگەرچی جیهانگیری لە حەوت وڵاتە بازرگانییە گەورەکەی جیهان (G7) یان گروپی هەشت گەورەکە (G8) کورتبکرێتەوە، ئەوا جیهانگیریی زمانی لە یەك زماندا کۆدەکرێتەوە، ئەویش زمانی ئینگلیزییە، بە هاوکاریو پاڵپشتی ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسکران، لەوەش زیاتر لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا بێگومان کەلتوری ئینگلیزی دەگوێزرێتەوە.

2-2) ڕۆڵی جیهانگیری لە گەشەکردنو پەرەپێدانی زماندا:

جیهانگیری دەرفەتێکی وەك نوێترین زانیاری لە بەرنامەی وانەکان و پێویستی هاوکاریکردنو لەیەکگەیشتن و ئامانجی سەرەکی لە پەروەردەو فێرکردنی ئەلیکترۆنیو کردنەوەی گرێبەستەکانی زانست بۆ پەروەردەو فێرکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرنامەی وانەوتنەوە هێناوەتەدی، بۆیە دەتوانرێت "جیهانگیریی زمانی وەك بنەمایەك سود لە خاڵە هاوبەشەکانی وەربگیرێت و لەپێناو هاندانی تێگەیشتن لە نێوان نەتەوەکانی جیهاندا بەکاربهێنرێت"(Ahmad Al-Hassan: 7). ئەو وڵاتانەی کە کەوتونەتە بەر شاڵاوی جیهانگیرییەوە، دەبێت گرنگی بەم لایەنانە بدەن وەکو پەروەردەکردنی تاکێکی جیهانی، بەپیتبونی زانستی کتێبی قوتابخانەکانو هێنانەکایەی ڕێبەری پەروەردەیی پێشکەوتو، هەروەك فێرکردنی زمان وەکو یەکێك لە کاریگەرییە باشەکانی جیهانگیری دەرئەنجامێکی بەرچاوی وەکو گەشەی خێرای بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لە فێرکردنی زماندا هەیە، بۆیە دەبینین "زمانی زۆربەی گۆڤارە زانستییەکانی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، زمانی ڕەسمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانو زمانی زیاتر لە دو لەسەر سێی سایتە جیهانییەکان زمانی ئینگلیزییە"**(سیما احمدی نژاد و محمد عباس نژاد، 2017: 3).**

نمونەیەکی زیندوی وڵاتی ئێران وەربگرین، "بەگشتی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لە ئێران یەکێکە لەو بابەتانەی، کە سەرنجی لێکۆڵەرانی لە ناوەوەو دەرەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لەم بارەیەوە تلفسۆن (1991) لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە بارودۆخی زمانی ئینگلیزی جەختێکی تایبەتی کردۆتە سەر دو قۆناغی پێشو پاش شۆڕشی ئیسلامی، لە نیوەی دەیەی (1950) تا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی، باوترین زمانی بیانی لە بەشە جیاوازەکاندا وەکو بازرگانیو خوێندنی زانکۆیی ڕەسانە بووە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی زمانی ئینگلیزی دوای شۆڕشی ئیسلامی، وەستانی بەرنامەکانی گەشەیی حکومەتی پەهلەوی بە هۆکاری نالەباری زمانی ئینگلیزی لە ساڵەکانی دوای شۆڕش دەزانێت، کە بە کەمبونەوەی ئامادەبونی ئەم زمانە لە بازنەکانی بازرگانی، دەوڵەت، سوپا، پیشەسازیو ڕۆیشتن بەرەو لای بازنە تایبەتییەکانی وەکو دیبلۆماسیو بەشە زانستییەکانی لەگەڵدا بووە، بۆیە پەیوەندیی ئەم زمانە لەگەڵ لایەنی دەسەڵات لە کۆمەڵی ئێرانی ڕاستەوخۆ دەزانێت. هەروەها (بیمن) لەو بڕوایەدایە، کە دەسەڵاتی دوای کۆماری ئیسلامی ئێران پەیوەستەیی بە زمانی ئینگلیزی بە جۆرێك پەیوەستەیی بە ڕۆژئاواوە گرێداوە، بۆیە ئەم زمانەی لە کۆمەڵ سنوردارکردوە، بەڵام بە تێپەڕبونی زیاتر لە دو دەیە لە خستنەڕوی ئەم بۆچونانە، بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕو، کە لە ساڵەکانی دواییدا گرنگێکی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی دراوە، بەشێوەیەك کە زمانی ئینگلیزی بە هێواشی خەریکی دۆزینەوەی شوێنێکە لە کۆمەڵی ئێرانیدا و ئیتر لە چوارچێوەی بابەتێکی وانەییدا نابینرێتو پێویستی ئەم زمانە بابەتێکە ناکرێت لێی دوربکەویتەوە، هەرچەندە فێرکردنی ئەم زمانە لە قۆناغەکانی ناوەندیو ئامادەییو زانکۆکان تایبەتکراوە، بەڵام لە سیستەمی پەروەردەیی زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی سەرەتاییو تەنانەت لە باخچەکانیشدا سەرنجێکی تایبەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، تەنانەت

بووە بە خاڵێکی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی خوێندنگاکانو باخچەکان لەلایەن خێزانەکانەوە"**(فردوس اقاگلزاده و حسین داوری، 1393، 11-10)**. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە خوێندنگا تایبەتەکان زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە خوێندنگا حکومییەکان بەکاردەهێنرێتو ئازادییەکی تەواویان لە هەڵبژاردنی سەرچاوەی وانەکانو مامۆستاکانو شێوازی بەرنامەڕێژیو .....تاد هەیە.

2-3) کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەسەر شوناسی نەتەوەیی:

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی، کە پەیوەندی بە جیهانگیرییەوە هەیە، بابەتی مانەوە یان بەردەوامی شوناسی نەتەوەییە لەمیانەی جوڵەی گەورەی ئابوریو کەلتوری جیهانیدا، تەنانەت شوناسی نەتەوەییو نیشتمانی پەیوەستە بە زمانەوە بەمەبەستی مانەوەو بەردەوامیو بەهێزکردنی لای تاکەکانی هەمو نەتەوەیەك، تاوەکو لە ڕێگەی زمانەوە بتوانن پارێزگاریی لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان بکەن، چونکە "زمان خودو شوناسە، ئامرازێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی کەتوار بودنیادبنێین"**(نبیل علی، 2001: 232)**، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری " تێکدانو لەناوبردنی شوناسی نەتەوەییو ڕۆشنبیری نەتەوەیی نەتەوەکانە"**(مرني صندید هواریة، 2012: 28)**، هەر بۆیە "جیهانگیریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە ئاراستەی بەتاڵکردنەوەی جیهان لە شوناسی نەتەوەییو نیشتمانی کاردەکات، هەرچەندە زمان بە گرنگترین بنەمای پارێزگاریکردن لە شوناسی نەتەوەیی دادەنرێت، کەچی بەرنامەی ئینتەرنێت بە ڕێژەی (90%) بە زمانی ئینگلیزی پەخشدەکرێت، لە بەرانبەر ئەوەشدا زمانەکانی تر فەرامۆشکراون"**(محمد شعبان علوان، 2005: 879)**، بەو واتایە دێت، کە باڵادەستی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی جیهانگیریی هۆیەکانی ڕاگەیاندنو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە بووەتە مەترسیو هەڕەشە بۆ سەر شوناسی نەتەوەییو شوناسی زمانی نەتەوەکانی تر، باشترین نمونە "یەکێك لە یاسا کارپێکراوەکان لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کە لە ساڵی (1999)وە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەسەر کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ئەوروپا مەرجە، کە زۆرترین بەرنامەی پەخشکراو بە ڕێژەی (60%) لە بەرهەمهێنانی ئەوروپی بێت، تەنانەت لە وڵاتی فەرەنسادا ڕێوشوێنی پێویست بۆ پارێزگاریکردنی زمانی فەرەنسی لە کاریگەریی جیهانگیریی ئەمریکی گیراوەتەبەر، ئەویش بەدەرکردنی یاسایەك، کە پێویستە کەناڵەکانی پەخشی ئاسمانی پێوەی پابەندبنو نابێت زیاتر لە (30%)ی پەخشی بەرنامەکانیان بە زمانی بیانی بێت"**(عبدالرشید عبدالحفیظ، 2005: 93)**.

بەم پێیە بەکارهێنانی زمان وەك هۆی پەیوەندییکردنو کارلێکردنی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نوێ وەك کەناڵە ئاسمانییەکانو ئینتەرنێتو تەکنەلۆجیای زانیاریو ...تاد ڕێگە بە تاك دەدات بەبێ ڕەچاوکردنی دوری جوگرافی پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی تردا دروستبکات، کەواتە دوری جوگرافی نابێتە تەگەرە لەبەردەم پەیوەندیی کەسەکاندا، ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەش پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەوەی تاكو کۆمەڵە خاوەن کەلتورو شارستانیەتو بیروبۆچونەو .... جیاوازەکان بە یەکەوە ببەستێتەوە، هەر بۆیە وڵاتە زلهێزەکان کە خاوەن پێگەی بەهێزی ئابوریو سەربازیو زانستیو تەکنەلۆجیای پێشکەوتون توانیان زمانی ئینگلیزی بکەنە زمانی سەرەکیی جیهانگیری بە مەبەستی بەیەکگەیاندنو لێکنزیکردنەوەی ئەم لایەنە جیاجیایانە لە نێوان نەتەوەکانی جیهانداو لە گوندێکدا کۆیانبکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا زمانی ئینگلیزی بە زمانێکی جیهانی ناوببەنو تاکە زمانێکە دەتوانێت نەتەوە خاوەن لایەنە جیاجیاکان لەیەکتر نزیکبکاتەوەو لەیەکتربگەن، بەمەش پەیوەندییە کەسیو کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامبدەن، هەر بۆیە لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانرێت شوناسی نەتەوەییو کەسێتیو ڕۆشنبیریو بیریو شارستانیو کەلتوریو ....تاد بەرجەستەبکرێت.

هەرچەندە هەندێك لە توێژەران لەو بڕوایەدان، کە جیهانگیری دەبێتەهۆی گەشەکردنی شوناسی نەتەوەییو لەلایەکی ترەوە هەندێکی تر لە توێژەران لەو بڕوایەدان، کە جیهانگیری دەبێتەهۆی لاوازکردنو لەناوچونی شوناسی نەتەوەیی، لەبارەی جیهانگیریو کاریگەری بەسەر شوناسی نەتەوەییەوە دو ئاراستە بونی هەیە:**(بڕوانە: اسماعیل بایبوردی و علیرضا کریمیان، 1393: 14)**

1. ئاراستەی یەکەم: لایەنگرانی تیۆری گەشەی نەتەوەگەرایی لە سەردەمی جیهانگیری لە ڕوی تیۆرییەوە زیاتر بەرەو ئاراستەی ڕۆشنبیریی جیهانی دەڕۆنو گرنگێکی ئەوتۆ بە ئاراستە ئاماژەپێکراوەکانی تر (ئاراستەی سیستەمی جیهانی، سەرمایەداری جیهانی، کۆمەڵگای جیهانی) نادەن، لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە لە گریمانەکانی ڕۆشنبیریی جیهانی بەتایبەت بابەتی کەمکردنەوەی کاتو شوێن سودوەردەگرن، تاکو گەشەی جوڵە نەتەوەییەکان بچەسپێنن، لەم ڕوانگەیەوە گەشەی

تەکنۆلۆجیا دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، جگە لەمەش لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە باس لە کەمبونەوەی ڕۆڵی دەوڵەتەکانو لەناوچونیان، گەشەی لایەنە نەتەوەییەکانو لەناوچونی وڵاتە فرەنەتەوەییەکان دەکەن، واتە بەپێی ئەم ئاراستەیە جیهانگیری دەبێتەهۆی لاوازبونی شوناسی نەتەوەیی.

2. ئاراستەی دووەم: بەپێی ئەم ئاراستەیە جیهانگیری نە تەنها نابێتەهۆی لاوازبونی شوناسی نەتەوەیی، بەڵکو بە پاراستنی (شوناسی نەتەوەیی) وەکو نێوەندگر لەنێوان کەسو فەرهەنگە نەتەوەییەکانو فەرهەنگە جیهانییەکان هەوڵ بۆ دروستکردنی دەدات، ئەوەش بەپێی ڕێبەری هەڵسوکەوت لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی فەرهەنگەکان، وادەکات، ئەو فەرهەنگانە لە حاڵەتی دەمارگیریی نەژادیو نەتەوەیی دەربچنو دوربکەونەوە، شوێنکەوتووانی ئەم ئاراستەیە لەو بڕوایەدان، کە جیهانگیری لە ڕوی تیۆرییەوەو بەپێی گۆڕانکارییەکان لە پێگەی نێودەوڵەتیدا، لەوانەیە کاریگەریی جیاواز بهێنێتە دی، نەك تەنها هەر کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەییەوە دەبێت، بەڵکو دەبێتەهۆی گەشە نەتەوەییەکانو بەهێزکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە پرۆسەی جیهانگیریدا.

2-4) جیهانگیریی زمانیو ڕۆڵی لە بواری پەروەردەو فێرکردنی زماندا:

بێگومان جیهانگیری کاریگەرییەکی فراوانو سەردەمیانەی لەسەر نەتەوەکانی جیهان کردوە، ئەم کاریگەرییانەش بەڕونیو ئاشکرا لە بوارەکانی ژیاندا ڕەنگیداوەتەوە، یەکێ لەو بوارە گرنگو هەستیارانەش سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی زمانە، کە ڕۆڵێکی گرنگو کاریگەر لە ژیانی هەمو تاکێکدا دەبینێت، بەتایبەتی لە قۆناغی باخچەی ساوایانو سەرەتایی، کە هەستیارترین قۆناغی گۆشکردنی منداڵە بە زمانی دایك، ئاشکرایە کە خێزان وەك دامەزراوەی یەکەم پاشان قوتابخانە وەك دامەزراوەی دووەم هەردوکیان تەواوکەری یەکترن لە پرۆسەی فێربونو فێرکردنو وەرگرتنی زمانی دایك، لە هەمان کاتیشدا دەبنە ڕەهەندێکی تۆکمەو بەهێز بۆ پتەوکردنی شوناسی نەتەوەییو نیشتمانیی هەمو تاکێك لەنێو کۆمەڵەکەیدا.

وڵاتە سەرمایەدارەکان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە، کە زمانەکەیان بە زمانی زانستو تەکنەلۆجیاو داهێنان ناوببەن، بەمەش لە ڕێگەی جیهانگیریی زمانییەوە باڵ بەسەر هەمو بوارەکانو بەتایبەتی بواری پەروەردەو فێرکردندا بکشێنن، بەمەش وا لە نەوەو نەتەوەکان بکەن، کە بە زمانی بیانی بخوێننو بیکەن بە زمانی پەروەردەو خوێندن و فێرکردنیان، بەتایبەتی "ئەو فێرخوازانەی سەر بە کۆمەڵی شوناس جیاوازو ئەندامی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانن، دەتوانن لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییەوە وەك زمانێکی جیهانی لەگەڵ یەکتردا کۆببنەوەو گفتوگۆبکەن"(**Francois Victor Tochon, 2009: 115**)، هەڵبەتە خوێندنو فێرکردنی زمانی بیانی لە خوێندنگا تایبەتییەکان، پاشانیش لە خوێندنگا فەرمیو ناوەندەکانی تری گشتیدا پەرەدەسێنێتو تا بێت، باڵ بەسەر سەرجەم ناوەندەکانی تردا دەگرێت، بێگومان ئەم هەنگاوانەش گەورەترینو ترسناکترین کاریگەریی لەسەر پێگەو بەهای پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە زمانی دایك دەبێت، تەنانەت "بەبۆچونی تیمێك لە زانایانی پەروەردەییو جەختیش لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دیاردەی پشتبەستن یان دروستکردنی ڕاهاتنی نێوان زمانی دایكو زمانی بیانی کاریگەریی لەسەر منداڵ دەبێت، کە هەردو زمانەکە بەباشی فێرنەبێت، کاتێ ئەو منداڵە بە زمانی دووەم دەخوێنێت، پێش ئەوەی زمانی یەکەم بەباشی بخوێنێت، ئەوا نە لە زمانی دایکەکە پێشدەکەوێو نە لە زمانە بیانییەکەش پێشدەکەوێ"(**حبیب مونسی، 2010: 120**)، بۆیە پێویستە زۆر بەرپرسانە هەست بە مەترسییەکانی بەکارهێنانی زمانی بیانی لەم بوارەدا بکرێت، بەتایبەتی کاریگەریی بەکارهێنانی زمانەکانی وەك زمانی ئینگلیزی یان زمانی تر لە قۆناغی باخچەی ساوایانو تا دەگاتە قۆناغی سەرەتاییو دواتریش، کە بە فەرهەنگو یاسا ڕێزمانییەکانی ئەو زمانەو ...تاد گۆشدەکرێتو فێردەکرێت، بەو واتایە تاك فێری زمانێکی نوێ دەکرێت، بەمەش مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر وەرگرتنو فێربونی زمانی دایكو گۆکردنی دروستدەکات ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە ئەو منداڵە دەبێت هەڵگری دو سیستەمی زمانی جیاواز لە مێشكو بیرکردنەوەداو تەنانەت زۆربەی کاتیش تێکەڵیان دەکات، هەمو ئەمانە وا لە فێرخواز دەکات، کە کاریگەرییەکی نەرێنی لە درکاندنو گۆکردنی هەردو زمانەکەدا بکات، بۆیە نەوەیەکی زمان لاوازو سیست دەردەچێت، چونکە هەر زمانێك هەوڵدەدات، کە ئاخێوەرانو بەکارهێنەرانی زمانەکەی کارامەیی (خوێندنەوەو نوسینو گفتوگۆو گوێگرتن) لە خۆیاندا بچێنو بەدەستبهێنن، ئەم مەترسییەش لەکاتێکدا بەڕونیو بەفراوانی دەردەکەوێتو ڕەنگدەداتەوە، کە منداڵ بخرێتە بەر خوێندنی زمانی بیانی واتە زمانی دووەم لەجیاتی زمانی دایك (زمانی یەکەم)، بەمەش

پەیوەندیی نێوان فێرخوازو زمانە نەتەوەییەکەی دەبچڕێتو دەبێتە هەڵگری ڕۆشنبیریو کەلتورو شارستانیەتی زمانێکی تر، واتە "پەروەردەکردنی زمان ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بە فێرکردنو فێربوونییەوە، جا زمانی دایك یان زمانی بیانی بێت، پەروەردەکردنی زمانیش هەر چوار کارامەیی پەیوەندیی زمانی دەگرێتەوە، کە بریتین لە: (خوێندنەوەو نوسینو گفتوگۆو گوێگرتن)، لە ئێستادا فێرکردنی زمانی دایك گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، پاش ئەوەی بۆ هەمووان ڕونبوەتەوە، کە زمانی دایك ڕۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی بیری تاکەکانو تونددوتۆڵکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت، هەر بۆیە فێربونی زمانی دایك بە بنەمایەکی بنەڕەتی دادەنرێت، کە فێربونی زمانەکانی تری لەسەر بونیاددەنرێت"(**نبیل علی، 2001: 272**).

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر وڵاتە سەرمایەدارەکان تائێستا لای هەندێ نەتەوە بەتایبەتی وڵاتە دواکەوتووەکان ئەوەیان نەکردبێ، هەوڵی ئەوەیان داوە، کە زمانەکەیان بچێتە پاڵ زمانی یەکەمی نەتەوەکانی تر، بەوەش منداڵەکانیان پەروەردەی دو زمان بێت لە پرۆسەی خوێندنو فێرکردندا واتە پەروەردەی جوتزمانی بن، بەواتا "بەکارهێنانی دو زمان لە فێرکردن لە هەندێ قۆناغی ژیانی فێرخوازدا، هەروەها ئاماژەش بۆ بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی پەروەردەیی دەکات بۆ مەبەستی پەرەپێدانی کارامەیی جوتزمانی لە نێو فێرخوازەکاندا"(**David Crystal, 1992: 43**)، هەر وەك "بەشێك لە ڕۆڵی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، وا سەیری ئەو فێرخوازانەیان دەکرد، کە توانیویانە گەشە بە ڕۆشنبیریی ئینگلیزیو زمانەکەی لە ناوچە گوندنشینەکانیاندا بدەن"(**Francois Victor Tochon, 2009: 114**)، بەمەش "دیاردەی جوتزمانی لە زۆربەی دیاردەکانی ڕەفتاری زمانی ڕەنگیداوەتەوە، لەو دیاردانەش:(**محمد علی الخولی، 2002: 25**)

1. بەکارهێنانی جوتزمانی لە ژیانی ڕۆژانەی ئاخاوتنو نوسین لەسەر ئاستی تاکدا.
2. بەکارهێنانی جوتزمانی لەلایەن ئەکادیمییەکانو توێژەرەکانەوە لە گفتوگۆو دانانو بڵاوکراوەکانیاندا.
3. بەکارهێنانی جوتزمانی وەك بەکارهێنانێکی فەرمی لە دامەزراوە حکومییەکانداو بەتایبەت لە نوسراوەکانو گرێبەستەکانو ڕێککەوتنە حکومییەکاندا.
4. باوسەندنی فێرکردنی جوتزمانی لە زۆربەی خوێندنگە تایبەتییەکاندا".

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر جیهانگیری پاڵنەر نەبوبێت بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی، ئەوا لە ڕێگەی ئامرازەکانییەوە ئەوەت بە سەردا دەسەپێنێت، کە زمانەکەت دواکەوتوە، بۆیە زۆر لە خێزانەکان لە سەردەمی جیهانگیریدا ناچاردەبن، کە منداڵەکانیان لەو خوێندنگانە دەربهێنن، کە بە زمانی دایك دەخوێنن، بەبیانوی دابینکردنی سەرچاوەی زیاتری بژێوی ژیان لەلایەك، لە لایەکی تر بە بیانوی بەهێزی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی جیهانی لە بەرانبەر بێئاگاییو دواکەوتویی زمانەکەی، ئەمەش "یەکێکە لە نەهامەتییەکان کە جیهانگیری کار لەسەر بەئاگاهێنانەوەی لایەنگرە سەرەتاییەکانو چوارچێوە تەسکەکان دەکات، کە شەڕی زمانەکانی لێدەکەوێتەوە"(**سعید عامر، 2013: 38**). لێرەدا باس لە فێرکردنی زمان ئینگلیزی وەك زمانێکی نێودەوڵەتی دەکەین، کە بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە: (**David Block, 2010: 287-288**)

1. ئەمڕۆ زمانی ئینگلیزی ئەو زمانەیە، کە زۆرترین فێرکردنی لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە، لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی شوێنو پێگەی تایبەتی خۆی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە جیهاندا هەیە، لە ڕاستیدا زمانی ئینگلیزی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ بەرزکردنەوەو سەرکەوتنی ئابوریو سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی، کە جیهانگیری دروستیاندەکات.
2. زمانی ئینگلیزی ڕۆژانەو تەنانەت لە ئاخاوتنو گفتوگۆی ڕۆژانەی جیهانگیریو فێرکردنی زمان لە بەرزترین دەسەڵاتدا بەکاردەهێنرێت.
3. پانتایی زمانی ئینگلیزی وایکردوە، کە ڕێگە بە فێرکردنی زمانەکانی تری وەك (فەرەنسی، ئیسپانی، ماندەرانیو عەرەبی) بەو شێوە چڕیو بەرفراوانە نەدات.

ئەگەر بەراوردی فێرکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی بکەین، ئەوا بۆشاییەکی فراوان دەبینین، هۆکارەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی باڵی بەسەر ئینتەرنێتو تۆڕە جیهانییەکانو شۆڕشی تەکنەلۆجیاو تەکنەلۆجیای زانیاری وەك تاقیگە زمانییەکانو کاسێتە تۆمارکراوەکانو وێنەکانو تابلۆ ڕەنگاوڕەنگاکانو یارییە کۆمپیوتەرو ڤیدیۆییەکاندا گرتوە، لە بەرانبەر ئەوەی ئەو ئامێرانە بە زمانی دایك نییەو لەو ڕووەوە هەژارین، بەم پێیە دیاردەی جوتزمانی وەك دیاردەیەکی جیهانی

دیاردەیەکی زمانیی نوێیەو خواست لەسەر گرنگییەکانی بەتایبەتی پاش سەردەمی جیهانگیری زیادیکردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زمانی ئینگلیزی بەنێو ئۆرگانە چالاکەکانی ژیاندا بڵاوبووەتەوە، بەتایبەت پەیوەندیی بە هۆکارەکانی تەکنەلۆجیاو داهێنانە نوێگەرییەکانەوە هەیە، سەرەڕای ئەمانەش پاڵپشتی بۆ هۆکارە سیاسیی‌و ئابورییەکان دەرخسێنێت پەیوەست بە گۆڕانی زمانی ئینگلیزی نێوان تاکەکان‌و نەتەوەکان.

بێگومان فێرکردن‌و خوێندن بە زمانی ئینگلیزی مەترسیی‌و زیانێکی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت‌و کاریگەرییەکانی لە هەمو رویەکەوە بەسەر کۆمەڵی کوردی دەنوێنێت، بەتایبەتی‌و زیاتر لە سیاسەتی پەروەردەو فێرکردندا، دەتوانین ئەو زیانانەش لە چەند رویەکەوە بخەینەڕو:

یەکەم/ لە ڕوی دەرونییەوە: فێرکردنی زمانی بیانی‌و بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی ئاستەنگ لە بەردەم سروشتی فێربونی زمانی دایك دروستدەکات، بەوەش وەرگرتنی زمانی لای تاك لاوازدەکات‌و لەنێوان دو سیستەمی زمانیی جیاواز لە ڕوی دەنگ‌و وشەو ڕستەو واتاو شێوازو بونیادی دەق‌و ئاخاوتن‌و نوسینەوە دابەشدەبێت، ئەمەش وادەکات، کە کاریگەریی دەرونی بەسەر ئەو فێرخوازەکەوە بەجێبهێڵێت، بۆیە فێربونی جوتزمانی لە یەك کاتدا کاریگەریی نێگەتیفی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی پرۆسەی وەرگرتن‌و فێرکردنی زمانی ئینگلیزی هاوکات لەگەڵ زمانی دایك کاریگەرییەکی نێگەتیف لەسەر فێرخواز لە وەرگرتن‌و فێرکردنی هەردو زمانەکە پێکەوە دەبێت، ئەمەش وادەکات، کە نەوەیەکی زمان لاواز لەدایك ببێت، بەتایبەتی لەو چوار کارامەییەی کە هەر زمانێك بۆ ئاخێوەرانی هەیەتی وەك (خوێندنەوەو نوسین‌و گفتوگۆو گوێگرتن)، ئەم مەترسییەش زیاددەکات، کاتێك فێرخواز زمانی ئینگلیزی لە جێگەی زمانی دایك لە قۆناغەکانی فێرکردندا بەکاربهێنێت، بەمەش پەیوەندیی نێوان فێرکەرو زمانە نەتەوەییەکەی دەپچڕێت‌و دەبێتە شوێنکەوتوی بیرو ڕۆشنبیریی‌و شارستانیەتی زمانە بیانییەکە. هەروەها فێربونی زمانی ئینگلیزی ئاستەنگی زیاتر لە بەردەم فێرخوازو مامۆستادا دروستدەکات، ئەمەش کاریگەریی لە ڕوی زانستیی‌و دەرونییەوە ڕەنگدەداتەوە، بۆ نمونە مامۆستا بابەتەکەی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشدەکات‌و پشت بە سەرچاوە ئینگلیزییەکان دەبەستێت، لە لایەکەوە بەتەواوی لە بابەتەکە تێناگات، لە لایەکی ترەوە بەرانبەر بەمەش فێرخواز لە ئاراستەکردنی پرسیارەکانی لەسەر بابەتەکە بەو زمانە دەستەوەستان دەبێت، چونکە توشی شکانەوە دەبێت لە بەردەم هاوپۆلەکانیدا، بەمەش کاریگەریی دەرونی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

دووەم/ لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە: زمان کۆڵەکەی بونیادنان‌و پەرەپێدان‌و پێشکەوتنی کۆمەڵە، تەنانەت بەرەوپێشچون‌و گەشەکردنی نەتەوەکان پەیوەستە بە پاراستنی زمانەکەیانەوە، چونکە زمان ئاوێنەی هەمو گەشەکردن‌و داهێنانێکە لە کۆمەڵدا، لە بەرانبەر ئەوەشدا پێویستە کۆمەڵیش پارێزگاری لە زمانی نەتەوەیی‌و بەکارهێنانی لە هەمو ئاست‌و بوارەکانی ژیاندا بکات، بۆیە دەردی فێرکردنی جوتزمانی لەنێوان زمانی کوردیی‌و زمانی ئینگلیزی لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، کاتێك فێرخواز سەرنجی بۆ زمانی ئینگلیزی وەك نامۆ دەڕوات‌و حەزیش دەکات مامەڵەی لەگەڵدا بکات لەسەر حیسابی زمانەکەی، تا ئەو ڕادەیەی بەتەواوی بەسەر زمانەکەیدا زاڵدەبێت. لەلایەکی تریشەوە کێبڕکێ لەنێوان چینەکانی کۆمەڵدا دروستدەکات، بۆ نمونە ئەمڕۆ چینی دەوڵەمەندەکان لەبەرئەوەی توانای مادییان زیاترو باشترە، بەگشتی خواستیان لەسەر فێرکردنی زمانی بیانی زیاترە تاوەکو چینی هەژارو کەمدرامەتەکان، هەروەها زیاتر چانسی بەدەستهێنانی هەلی کاریان بەتایبەتی لە کەرتی تایبەتی‌و وەرگرتنی پۆستە باڵاکانیان هەیە، ئەمەش وادەکات، کە کێبڕکێ لەسەر کردنەوەی باخچەی ساوایان‌و خوێندنگەو نەخۆشخانەو ناوەندە ئەکادیمییەکان بەو زمانە بیانییە زیاتر بێت، لە بەرانبەر ئەوەشدا فێرکردنی حکومی لە ئاستێکی کەمترو لاوازتر ببینرێت.

سێیەم/ لە ڕوی ڕۆشنبیرییەوە: زمان هەڵگری (ڕۆشنبیری‌و کەلتورو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان‌و ئاین‌و....تاد)ی ئاخێوەرانییەتی، بۆیە لەگەڵ بەکارهێنان‌و وەرگرتن‌و فێرکردنی زمانی بیانی بێگومان ڕۆشنبیریی‌و کەلتورو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو نەتەوەیە بۆ نێو نەتەوەکەمان لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە دەگوێزرێتەوەو دەبینە هەڵگری شوناسی ڕۆشنبیریی زمانە بیانییەکە، چونکە"ڕۆشنبیری هەمو نەتەوەیەك لەنێو زمانەکەیدایە، لە نێو فەرهەنگ‌و ڕستەسازیی‌و دەقەکانیدایە، هەر بۆیە زمان دیارترین سیمای ڕۆشنبیرییە"(**نبیل علی، 2001: 232**).

3) **دیاردەی جیهانگیری زمانی‌وکاریگەرییەکانی لەسەر زمانی کوردی:**

زمان دەفری رۆشنبیری‌و شارستانیەت‌و ئامرازی پەیوەندیی نێوان رابردو و داهاتووە، بۆیە مرۆڤ ناتوانێ بەبێ زمان لەسەر گەنجینەکانی بیری مرۆڤایەتی چ لە رابردو چ لە داهاتو بوەستێ، بەو واتایە "زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندییە، کە تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چونکە هۆکاری تێگەیشتنی نێوان خەڵك‌و ئامێری بیرکردنەوەی تاك‌و گواستنەوەی بیرو وەرگیراوەکانە لە باوباپیرانەوە بۆ رۆڵەکانیان"(**جعرير محمد، 2015: 43**)، هەروەها زمان ئەرکی بۆ تاك‌و هەم بۆ کۆمەڵ هەیە، تەنانەت زمان بەشێکە لە نەتەوەو دەسەلات، بۆیە پارێزگاری لە زمان پارێزگاریکردنە لە نەتەوەو دەسەلاتە، لەم روانگەیەشەوە زانایانی بواری زمان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە "زمانەکەم جیهانمە، سنوری زمانەکەشم سنوری جیهانمە"(**نبيل علي، 2001: 232**).

ئەمرۆ جیهانگیری بە گەورەترین‌و دەرکەوتوترین رووداوی سەدەی بیستەم ناوزەددەکرێت، ئەم دیاردەیە بە هەمو جیهان بڵاوبووەتەوەو رۆچووەتە نێو هەمو ئاست‌و بوارەکانی ژیانەوەو بەتایبەتی زمانی نەتەوەکان، هەڵبەتە ئەرکی زمانی نەتەوەیی دروستکردنی پەیوەندی‌و رێکخستنی نێوان هەمو گروپ‌و نەتەوەکانە بە زمان‌و زارە جیاوازەکان لە سنوری وڵاتێکدا، سەرەنجام زمانی نەتەوەیی بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی گروپێکی نەتەوەیی بەکاردێت‌و بە بەرنامەرێژی گونجاو دەتوانێت توانایی تاکەکان لە قۆناغەکانی زماندا بەهێزبکات.

نەتەوی کورد هاوشێوەی چەندین نەتەوەی تر بەدرێژایی مێژو خاکەکەی داگیرکراوەو بە چەندین رێگای جیاواز زمانەکەی لێ قەدەغەکراوە، واتە روبەروبونەوەی زمانی کوردی تەنها لە رێگەی بەریەککەوتن‌و لێکخشاندنی شارستانیەت‌و داگیرکارییەوە نەهاتوە، بەڵکو جیهانگیریش روبەروبونەوەیەکی ترە، کە کاریگەری لەسەر چەندین بواری ژیانی کوردو بەتایبەتی لەسەر زمانی کوردی‌و ئاخێوەرانی کردوە، ئەوەی لێرەدا دەبینرێت، زمانی کوردی روبەرووی چەندین کێبرکێی ناوخۆیی‌و دەرەکی (جیهانی) بووەتەوە، چ لە رابردو و چ لە ئێستادا بونەتە کۆسپ‌و بەربەست لەبەردەم بەستاندارکردن‌و گەشەکردن‌و بەفەرمیناساندن‌و بەنێودەوڵەتییکردنی زمانی کوردی لە بوارەکانی کارگێری‌و زانستی‌و تەکنەلۆجی‌و .....تاد، بەکورتی ئاماژە بەو هۆکارانە دەکەین:

ا- **کێبرکێی ناوخۆیی:** چەند هۆکارێك لە نێوخۆی نەتەوەی کورددا هەن، کە بونەتە هەرەشە بۆ سەر زمانی کوردی، ئەم هۆکارانە نێوخۆییانە وایکردوە، کە زمانی کوردی نەتوانێت بەهێز لە ناووەی وڵاتدا دەربکەوێت‌و ببێتە بناغەو پاڵپشتێکی تەواو بۆ بەنێودەوڵەتییکردنی زمانی کوردی هەنگاوبەهەنگاو هاوتای نەتەوەکانی تر، لەلایەکی تریشەوە بتوانێ لە کێبرکێی جیهانیی زمانەکان بۆ روبەرونەوەی جیهانگیریی زمانی ئینگلیزی‌و بیانی بوەستێتەوە، لەوانەش:

1. تاوەکو ئێستا نەتوانراوە، زمانێکی ستاندەرو فەرمیی زمانی کوردی لە بواری کارگێری‌و بەرێوەبردن‌و پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا دابنرێت.
2. بەرفراوانبون‌و بەکارهێنانی زمانی بیانی لە کەرتە تایبەت‌و گشتییەکاندا، لەوانەش: بەمەبەستی دامەزراندن‌و بەدەستهێنانی هەلی کار، نوسینی تابلۆی دوکان‌و شوێنە بازرگانی‌و گەشتیاری‌و فەرمییەکان، ئامرازەکانی راگەیاندن‌و پەیوەندییکردن، کردنەوەی ژمارەیەکی زۆری باخچەو خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆ بە زمانی بیانی، .....تاد.
3. نەبونی ئەرکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر بە زمانی نەتەوەیی کوردی‌و بەکەمزانینی لەچاو زمانەکانی تردا، بەو واتایەی ئەم زمانە زمانی زانست‌و پێشکەوتن‌و سەردەم نییە.

ب- **کێبرکێی دەرەکی:** بێگومان هۆکارە دەرەکییە یەك لەدوای یەکەکان لەم بوارەدا کاریگەری خۆیان لەسەر زمانی کوردی چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەدا بینیوە، وەك:

1. قۆناغی داگیرکاری‌و ئیمپریالیزم، کە بەدرێژایی مێژو لە سەدەکانی رابردو بە ئێستاشەوە بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاوە، بەمەش هەمو مافە نەتەوایەتییەکانی لێ زەوتکراوەو بەردەوام هەوڵی لەناوبردن‌و لەباربردنیان دراوە.
2. پاش قۆناغی داگیرکاریی سەربازی، قۆناغی جیهانگیری باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، کە خۆی لە زمانی وڵاتە سەرمایەدارەکانی وەك ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لە روبەروبونەوەی زمانەکانی دیکەدا دەبینێتەوە، لە رێگەی داگیرکاریی جیهانگیریی تەکنەلۆجیای زانیاری‌و داهێنانی زانستی‌و ئامرازەکانی گەیاندن‌و راگەیاندن بە زمانی ئینگلیزی، بۆیە لەگەڵ

دەرکەوتنی سەردەمی زانیارییەکان، لە سەروی هەموویانەوە زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە داڕشتنەوەی شێوازی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی نوێدا بینیوە، هەر لێرەشەوە وڵاتەکانی وەك ئەمریکاو بەریتانیا هەوڵدەدەن بە سەپاندنی زمانێکی بەهێزی وەك زمانی ئینگلیزی بەسەر جیهان بە حوکمی بونی هێزی سیاسیی‌و سەربازیی‌و ئابوریی‌و تەکنەلۆجی‌و زانستی پێشکەوتوو لەسەر کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا، بۆیە "ڕۆشنبیریی بیانی لە بەرزترین ئاست نزیکبوەتەوە پاڵپشت بە زمانێکی جیهانی‌و ئابورییەکی بەهێزو سیستەمی سیاسییەکی بەهێزو هێزی سەربازی"(Ahmad Al-Hassan: 4)، تەنانەت "بەپێی ئاماری یونسکۆ (75%) بەرهەمهێنانی جیهانی لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تەنها (25%) لەلایەن وڵاتەکانی دیکەوە دەنێردرێتە دەرەوە، هەروەها (88%) دەستکەوتەکانی ئینتەرنێت بە زمانی ئینگلیزییەو تەنها (9%) بە ئەڵمانی‌و (2%) بە فەرەنسی‌و (1%)ی بە زمانەکانی ترە"(**بركات محمد مراد، 2001: 37**)، بەمەش "یەکێك لە کاریگەرییەکانی بەجیهانیبونی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان جیاوازی زمانییە پەیوەست بە ڕیزبەندی هەرەمی زمان لە ڕوی گرنگی ئابورییەوە"(**Francois Victor Tochon. 2009: 111**). لە لایەکی تریشەوە "جیهانگیری بەتەنها کاری لەسەر سەپاندن‌و هاندانی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی نەکردوە، بەڵکو کاریشی لەپێناو چالاکیی سیاسی کردوە بۆ ناساندن‌و هاندانی زمانە ناوچەییەکان بەگشتی، وەك زمانەکانی ئەسکوتلەندی، وێلزی، کەتەلۆنی‌و کوردی"(**Stig Hjarvard, 2004:77**). لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە جیهانگیریی زمانی‌و ئامرازەکانی ڕۆڵێکی ئەرێنی لە ناساندن‌و دەرکەوتنی زمانی کوردی دەگێڕن، لەگەڵ ئەوەشدا "باوەڕهێنان بە بیری جیهانگیری‌و مەترسییەکانی وەك دیاردەیەکی ئایدیۆلۆجیی نوێ، مرۆڤایەتی بەرەو گۆڕانی ڕیشەیی ڕادەکێشێت‌و لە داهاتویەکی نوێ لە سەدەی نوێدا ئاگاداریدەکاتەوە"(**مرني صنديد هوارية، 2012: 74**).

هەرچەندە لە ئەمڕۆدا زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی جیهانگیرییەوە باڵی بەسەر زۆربەکانی زمانەکانی جیهاندا کێشاوەو بووەتە زمانێکی جیهانی‌و ئامرازی پەیوەندییکردن بۆ بەکارهێنان، بۆیە پێویستە ئەو هۆکارانە دەستنیشانبکەین، کە جیهانگیریی زمانی ئینگلیزی لە کۆمەڵگاکەماندا پەیوەست بە بوارەکانی ژیان‌و ڕۆشنبیری‌و پەروەردەو شوناسی زمانی بەرهەمهێناوە، ئەمانە پاڵنەرن بۆ دیاردەی پاشکۆکردنی زمانی کوردی (التعبية اللغوية . Linguistical subordination)، کە دەتوانین بەکورتی لەم خاڵانەدا بیانخەینەڕو:

1. وتووێژو گفتوگۆکردن بە زمانی ئینگلیزی لە ژیانی ڕۆژنەدا، واتە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی ئاخێوەران لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا.
2. بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە مانشێت‌و تایتڵ‌و پروپاگەندەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا.
3. بەکارهێنانی هۆیەکانی پەیوەندییکردن‌و گەیاندن بە زمانی ئینگلیزی وەك ئینتەرنێت‌و مۆبایل‌و کۆمێنت‌و....تاد.
4. نوسینی تابلۆی دوکان‌و شوێنە بازرگانی‌و گەشتیاری‌و تایبەتی‌و گشتییەکان بە زمانی ئینگلیزی.
5. سەپاندنی مەرجی زمانزانینی زمانی ئینگلیزی بەمەبەستی دامەزراندن‌و بەدەستهێنانی هەلی کار لە کەرتە تایبەت‌و گشتییەکاندا، بەتایبەتی لە بانك‌و کۆمپانیاو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، کە پشت بە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی سەرەکیی گفتوگۆو پەیوەندییکردن دەبەستن.
6. هاوردەکردنی کەلوپەل‌و شتومەك‌و جلوبەرگو خواردن‌و خواردنەوەکان‌و ....تاد بە زمانی ئینگلیزی بۆ نێو بازاڕو ماڵەکان، تەنانەت زیاتر ناوبانگی‌و بەکارهێنانی کاڵا بیانییەکان بە زمانی بیانی لەچاو کاڵا خۆماڵییەکاندا.
7. لە هەموی گرنگتر گۆشکردنی منداڵی کوردە بە زمانی ئینگلیزی بە هەمو پێوەرەکانی (گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نوسین) لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان‌و سەرەتایی‌و دواترەوە.

**پێشنیازەکان**

بێگومان زمانی کوردیش پەیوەندییەکی پتەوو ڕاستەوانەی بە چارەنوسو داهاتوی نەوەکانییەوە هەیە، هاوشانی زمانەکانی تری جیهان بەر کاریگەرییەکانی ئەم دیاردیە کەوتوە، لە بەرانبەر ئەم خاڵانەدا ئێمەی کورد هاوشێوەی نەتەوەکانی تر سیاسەتو پلانی زمانیی تۆکمە لەسەر ئاستی نەتەوەیی لەپێناو مانەوەو پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەییو داهاتوی شوناسی نەتەوەیی لەلایەكو لەلایەکی ترەوە پتەوکردنو بەهێزی زمانی کوردی وەك زمانێکی نەتەوەییو زمانی یەکەم، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرینەبەر:

1. گۆشکردنی تاکی کورد هەر لە منداڵییەوە بە وەرگرتنو فێربونو فێرکردنی زمانی کوردی لە نێو خانەوادەو خێزانەکەیەوە وەك دامەزراوەی یەکەم، پاشان باخچەی ساوایانو قۆناغەکانی خوێندن وەك دامەزراوەی دووەم، بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەکی بەهێزو پتەو بۆ زیندوێتی زمانەکەو بەکارهێنەرانی، هەر بۆیە "بەرنامەڕێژەکان بەتایبەت دەزگا پەروەردەییەکان دەبێت هەوڵێکی زۆرتر لەم بارەیەوە بدەن، تاکو زمانی نەتەوەیی شوێنی خۆی بدۆزێتەوەو بەکارهێنانێکی زیاتری هەبێت"(**مرضيه عالي، 1392**)، بەمەش گرنگترین قۆناغی پتەوکردنو بەهێزکردنو بەردەوامی مانەوەی زمانی نەتەوەیی لای هەمو تاکێك لەنێو نەتەوەکەیدا لە تەمەنی سەرەتایی منداڵی تا نزیکەی (12) ساڵییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خێزانەکەی بە پلەی یەکەمو پاشان فێرگەکەی بە پلەی دووەم.
2. پێویستە گرنگی بە ئابوریی وڵات بدرێت، چونکە بەهێزی زمانی کوردی لە بەهێزی ئابورییەوە بەدەستدەهێنرێت، هەروەها بەهێزی ئابوریش لە هەمووارکردنو فراوانکردنی زمانی کوردی لە سەرجەم بوارەکانەوە بەدەستدەهێنرێت، هەروەك دەبینین بەهێزی زمانی ئینگلیزی لە ئابورییەکی بەهێزەوە سەرچاوەی گرتووە بە پێچەوانەیشەوە، چونکە "لە ڕوی ئابوریو سیاسییەوە، زمان بووە بە چەکێکی ئایدۆلۆجیی ترسناك، ئەمەش پاش ئەوەی هێزە سیاسیو سەرمایەو بازرگانییەکان بەسەر ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا زاڵبونو هەر لەو ڕێگەیەشەوە توانیان کاریگەریی خۆیان بەسەر جەماوەردا بسەپێنن، وەك کاریگەریی موشەکە ئاراستەکراوەکانی پێشو، هەر بۆیە هیچ شتێك ئەوەندەی زمان ترسناك نییە، کە وەك قەڵایەکی پتەو پارێزگاری لە شوناسو یەکێتیی نەتەوەیی دەکات"(**نبيل على، 2001: 232-233**).
3. پێویستە پێگەی زمانی کوردی لەسەر تۆڕە جیهانییەکانو تەکنەلۆجیای زانیاری بەتایبەتی ژمارەی شوێن (موقع)و ژمارەی ماڵپەرەکان زیادبکرێتو پەرەی پێبدرێت، هەر بۆیە "ئامادەکردنی زمانی کوردی بۆ کارکردن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا پێویستیان بە دروستکردنی کۆمەڵێك لە تەکنیکە زمانییەکان هەیە، وەك: تەکنیکی ناسینی ئامێری بۆ ئاخاوتن، توێژینەوەی زیرەكو وەرگێڕانی ئامێری بۆ دەقەکانو گۆڕینی دەق بۆ ئاخاوتنو ئاخاوتنیش بۆ دەق" (**سودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتوە: کهينة بناي، 2013: 120**)، چونکە ئەمڕۆ هەمو نەتەوە خاوەن زمانەکان بەردەوامو بێوچان هەوڵدەدەن، پێگەی ئەلکترۆنی خۆیان بە زمانی نەتەوەییان لەنێو شوێنو ماڵپەڕەکان بەهێزبکەن، تاوەکو خۆیان لەبەردەم هێرشو هەڕەشەکانی جیهانگیریی زمانیی زمانی ئینگلیزیدا بپارێزن.
4. چالاککردنی میکانیزمی وەرگێڕان بە هەردو جۆرەکەیەوە، بەتایبەتی گرنگی بە وەرگێڕانی ئەلکترۆنی لە زمانەکانی ترەوە بۆ زمانی ستانداردی کوردیو بە پێچەوانەیشەوە بدرێت لە ئینتەرنێتدا، بۆ ئەوەی زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانەکانی تر پێگەی وەرگێڕانی خۆی لەنێو تۆڕە ئەلکترۆنییەکانو پێگەکانی ئینتەرنێت هەبێت لەلایەكو لە لایەکی ترەوە ببێتە سەرچاوەی فێرکرنی زمانی کوردی بۆ نەتەوەکانی تر وەك زمانی دووەم. هەروەها گرنگی بە وەرگێڕانی چاپکراو لە بوارە زانستە پەتیو مرۆییە نوێکاندا بدرێت بەمەبەستی فراوانکردنو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیو گەنجینەی کۆزانیارییەکانی تاکی کورد.
5. پێویستە گرنگی زیاتر بە بڵاوکراوە ئەلکترۆنییەکان بدرێت، ئەوەیش بە کردەی بڵاوکردنەوەی پەرتوكو چاپەمەنیو توێژینەوە زانستییەکان لە ڕێگەی ماڵپەرو تۆڕەکانی ئینتەنێتەوە، بەمەبەستی خێراو ئاسان بەدەستهێنانو سودوەرگرتنو خوێندنەوەیان لەلایەن خوێنەرانەوە لە هەر جێگەیەکی ئەم جیهانەدا بێت، بەتایبەتی ئەو ئامێرە بەکارهێنراوانەی لە بواری بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەنێتدا هەن، وەك: [ (PDF)، (SGML)، (XML)، (HTML)، (DVI)، (Post Script)].

6. پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە ئاست بەکارهێنانی زمانێکی ستاندەری کوردی کەمتەرخەم نەبن، هەر بۆیە لە سەردەمی جیهانگیری‌و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری، ڕاگەیاندن بە بزوێنەری مانەوەو پاراستنی زمانی نەتەوەیی‌و فێرکردنی زمان‌و چالاککردنی لە بوارەکانی گەیاندن‌و پەیوەندییکردندا دادەنرێت، تەنانەت زۆربەی جۆرەکانی جیهانگیری لە ڕێگەی ئامرازو هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە خۆیان دەخزێننە نێو ژیانی هەمو تاك‌و كۆمەڵگایەکەوە، چونکە "ڕاگەیاندن چەکێکی دو ئاراستەیە، ئەویش زمان‌و پێشکەشکردنە، هەروەها خوێندنگەیەکە بۆ فێرکردنی زمان، بەو واتایە هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بەسەر پەروەردەی فێرکردنی زمانی‌و چاودێریکردن‌و گەشەکردنیدا زاڵبن، کە کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر خودی ڕاگەیاندن دەبێت"(**مرني صنديد هوارية، 2012: 61**).
7. دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەو دامەزراوەی زانستیی ئەکادیمی، کە گرنگی بە پەرەپێدان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی زمانی کوردی لەلایەك، لەلایەکی تر گرنگی بە پرۆگرام‌و لێکۆڵینەوە زانستییە نوێ‌و پێشکەوتووەکان بە زمانی کوردی لەسەر ئاستی جیهان بدات، لەپێناو بەرزکردنەوەی بەهاو پێگەی زمانی کوردی لە نێوان نەتەوەکان بۆ ئاست‌و پلەی زمانە بیانییە جیهانییەکان‌و هەروەها ببێتە زمانێکی بەهێز لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانستییە ئەکادیمییەکاندا.
8. پێویستە گرنگی بە زمانەوانیی کۆمپیوتەری (اللسانية الحاسوبية .Computational Linguistics) لە زمانی کوردی بدرێت، کە "زانستێکی نێوانگرە لەنێوان زانستی زمان‌و زانستی کۆمپیوتەردا، لە لایەکەوە دەردێتە پاڵ زمانەوانی لە ڕوی تیۆری زمانییەوە، لە لایەکی ترەوە دەدرێتە پاڵ زانستی کۆمپیوتەر لە ڕوی جێبەجێکردنی تیۆرەکانی بیرکاری‌و لۆژیکەوە"(**وليد أحمد العناتي، 2008: 84**)، واتە ئەم زانستە " گۆڕەپانێکی زانستی‌و پراکتیکی بەرفراوانی هەیە، کە چەندین کردەی جێبەجێکردن دەگرێتەوە، وەك: وەرگێڕان، چاکسازیی ئامێری بۆ هەڵە چاپکراوەکان، فێرکردنی زمانەکان بە کۆمپیوتەر، گۆکردنی ئامێرەکانی یەکخستنی دەستکردی بۆ دەنگە زمانییەکان‌و ...تاد"(**عبدالرحمن الحاج صالح، 2007: 50**)، هەروەها دەتوانین "سود لە ئەندازەی زمانی (الهندسة اللغوية) بۆ پاراستنی ڕۆشنبیری‌و زمانی کوردی وەربگرین، ئەمەش تەکنیکێکە یارمەتیی لەیەکترگەیشتن لەگەڵ ئەوانی تر لە ڕێگەی تەلەفۆن یان کۆمپیوتەر یان هۆکارەکانی ترەوە بە بەکارهێنانی زمانە جیاجیاکان دەدات"(**بڕوانە: طلال وسام أحمد البكري، 2015: 51**).
9. بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە شوناسی نەتەوەیی‌و شوناسی زمانی کوردی‌و مانەوەو بەهێزکردنی، پێویستە نەوەکان لە ڕێگەی پلان‌و سیاسەتی پەروەردەی زمانی کوردی‌و ئامانجەکانی‌و سیستەمەکانی‌و پرۆگرامەکانییەوە فێربکرێن، لەلایەکی تریشەوە پێویستە دامەزراوە پەروەردەو فێرکارییەکان ئاگاداری مەترسییەکانی جیهانگیری بە پلەی یەکەم‌و کاریگەرییەکانی زمانی ئینگلیزی بە پلەی دووەم لە پرۆسەی خوێندن‌و فێرکردن لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان‌و سەرەتایی چ وەك زمانی یەکەم چ وەك زمانی دووەم بن.

**ئەنجامەکان**

1. لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانگیری لە کۆتایی سەدەی بیستەم‌و کۆتاییهێنانی جەنگی سارد، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەمو بوارەکانی ژیانی نەتەوەکانی جیهان‌و لەسەر نەتەوەی کوردیش کردوە، یەکێك لەو بوارانەش بواری زمانی گرتوەتەوەو بە (جیهانگیریی زمانی) ناودەبرێت، لەم ڕوانگەیشەوە جیهانگیریی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانەکانی جیهان بەگشتی‌و بەتایبەت لەسەر زمانی کوردی‌و کۆمەڵی کورد لە سەرەتای سەدەی بیست‌و یەکەم لە هەڵکشان‌و گەشەکردن‌و بەردەوامیدایە.
2. ئەمڕۆ زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی جیهانگیرییەوە وەك زمانێکی بەهێز لە ئاستی نێودەوڵەتی خۆی دەنوێنێت، بە حوکمی ئەوەی ئەمریکاو بەریتانیا گەورەترین وڵاتی باڵادەست‌و زلهێزی جیهانن، کە خاوەن هێزی سیاسی‌و پێگەی زانستی‌و ئابوری‌و تەکنەلۆجیان لە جیهاندا.
3. زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی جیهانگیرییەوە وەك کاڵایەکی بەرجەستەو زیندو توانای باڵادەستی‌و ئاڵوگۆڕکردنی هەیە، باشترین نمونەش لە زۆربەی وڵاتاندا یان وەك زمانی یەکەم‌و زمانێکی فەرمی خۆی لە سەرجەم بوارەکاندا نواندوە، یان وەك زمانی دووەم بووەتە هاوشانی زمانی فەرمیی نەتەوەکە، وەك ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەبینین، زمانزانینی زمانی ئینگلیزی بووەتە

مەرجی بەدەستهێنانی هەلی کارو پیشە چ لە کەرتی گشتیو چ لە کەرتی تایبەتیدا، سەرەرای ئەوەی لەم ساڵانەدا ژمارەیەکی زۆری زانکۆو پەیمانگاو خوێندنگای حکومیو تایبەتی بە زمانی خوێندنو نوسینی زمانی ئینگلیزی کراوەتەوە، کە گرنگترین بواری پەروەردەو خوێندنی باڵای وەك زمانی یەکەم لە ژیانی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە داگیرکردوە.

4. لایەنی ئەرێنی جیهانگیری دەبێتە هاندەرو پاڵنەرە بۆ هاندانو ناساندنی زمانی کوردی لەسەر ئاستی جیهانو دەرچون لە زمانێکی هەرێمی بەرەو زمانێکی جیهانی، ئەگەر بتوانین سود لەم دیاردەیە لە رێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاریو تۆرە جیهانییەکانو ئامرازەکانی گەیاندنەوە وەربگرین، بەمەش دەتوانین زمانەکەمان لە کێبرکێی زمانەکانو هەرەشەی لەناوچونو پوکانەوە بپارێزین. لەلایەکی تریشەوە ئێستاکە زمانی کوردی بەگشتی روبەروی لایەنی نەرێنی ئەم دیاردەیە بووەتەوە، ئەگەر سیاسەتو پلانی زمانی تۆکمە دانەنێین لەپێناو پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەییو داهاتوی شوناسی نەتەوەیی زمانەکەمان لە ژیانی رۆژانەو بوارە پسپۆرییەکان بەتایبەتی بواری پەروەردەو فێرکردنو چاپەمەنییەکانو....تاد لە بەرانبەر جیهانگیریی زمانی ئینگلیزیدا، ئەوا زمانەکەمان روبەروی کێبرکێی ناوخۆییو دەرەکیی زیاتر دەبێتەوەو دەکەوێتە بەر هەرەشەی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی، بەوەش ئاسایشی زمانەکەمان دەکەوێتە مەترسییەوەو هەنگاو بەرەو لاوازبونو پوکانەوە دەنێت.

## سەرچاوەکان


ا) بە زمانی عەرەبی:

1. أحمد صدقي الدجاني (2000)، العرب والعولمة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
2. أحمد علي الحاج محمد (2011)، العولمة والتربية ..أفاق مستقبلية، كتاب الأمة، وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية، العدد (145)، الدوحة . قطر.
3. أحمد درويش (2003)، ثقافتنا في عصر العولمة، الشركة المصرية العالمية للنشر.لونجمان، الطبعة الاولى، القاهرة . مصر.
4. أولريش بك (2012)، ما هي العولمة، ت/ د. أبو العيد دودو، الطبعة الثانية، منشورات الجمل، بيروت .لبنان.
5. بركات محمد مراد (2001)، ظاهرة العولمة رؤية نقدية، رئاسة المحاكم الشرعية والشؤون الدينية في دولة قطر.
6. جعرير محمد (2015)، اللغة العربية وتحديات العولمة، الاكاديمية للدراسات الاجتماعية والانسانية، ب/ قسم الاداب والفلسفة، العدد (13).
7. حبيب مونسي (2010)، العولمة والتحديات اللغوية، مجلة الممارسات اللغوية، منشورات مخبر الممارسات اللغوية، العدد التجريبي، الجزائر.
8. رضا عبدالواجد أمين (2007)، الاعلام والعولمة، دار الفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة.
9. سعيد عامر (2013)، اللغة العربية في الخطر: قراءة في أضرار العولمة، منشورات مخبر الممارسات اللغوية، جامعة مولود معمري تيزي .وزو، الجزائر.
10. طلال وسام أحمد البكري (2015)، العولمة واثرها في المستقبل التعليمي للغة العربية وهويتها، مجلة جسور المعرفة، المجلد (1)، العدد (4)، الجزائر.
11. عبدالرشيد عبدالحفيظ (2005)، الاثار السلبية للعولمة على الوطن العربي وسبل مواجهتها، طبعة أولى، مكتبة مدبولي، القاهرة.
12. عبدالرحمن الحاج صالح (2007)، النظرية الخليلة الحديثة: مفاهيمها الاساسية، مجلة اللسانيات، العدد (4)، الجزائر.
13. كهينة بناي (2013)، خطر ضعف تواجد اللغة العربية في المعلوماتية، منشورات مخبر الممارسات اللغوية، جامعة مولود معمري تيزي .وزو، الجزائر.
14. لعساس أسيا، العولمة: في المفهوم والمظاهر والآثار: (www.enssea.net/enssea/majalat/2220).

15. مرني صنديد هوارية (2012)، اللغة العربية وتحديات العولمة، رسالة الماجستر، كلية الاداب واللغات . جامعة تلمسان، الجزائر.
16. محمد عماره (1999)، مخاطر العولمة على الهوية الثقافية، طبعة أولى، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع.
17. محمد علي الخولي (2002)، الحياة بين لغتين، دار الفلاح للنشر والتوزيع، لبنان.
18. محمد شعبان علوان (2005)، عولمة الثقافة وثقافة العولمة (التحديات والمواجهة)، مؤتمر الدعوة الاسلامية ومتغيرات العصر، الجامعة الاسلامية بغرة .كلية أصول الدين.
19. ميلود بن غربي (2008)، مستقبل منظمة الامم المتحدة في ظل العولمة، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت .لبنان.
20. نجاة أبو زيد (2006)، اللغة العربية واثبات الذات في عصر العولمة، مجلة حوليات التراث، عدد (5).
21. نبيل علي (2001)، الثقافة العربية وعصر المعلومات، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، العدد (265).
22. وليد أحمد العناتي (2008)، الدليل نحو بناء قاعدة بيانات للسانيات الحاسوبية العربية، مجلة اللسانيات، العدد (14-15)، الجزائر.

ب) به زمانى فارسى:

23. اسية قوامى (تابستان 1392)، عوامل موثر بر جهانى شدن شعرو ادب فارسى، مطالعات راهبردى سياستطذارى عمومى (مطالعات راهبردى جهانى شدن)، دورة 4، شمارة (11).
24. اسماعيل بايبوردى و عليرضا كريميان (زمستان 1393)، جهانى شدن فرهنط و تاثير ان بر هويت ملى ايران، فصلنامةى مطالعات روابط بين الملل، دورة (7)، شمارة (28).
25. امير مسعود شهرام نيا (1392)، جهانى شدن، دموكراسى و جنبشهاى دموكراتيك در ايران، مجلةى جامعةشناسى ايران، دورة ضهارم، شمارة (3).
26. حبيب صبورى خسروشاهى (1389)، اموزش و ثرورش در عصر جهانى شدن، ضالشها و راهبردهاى مواجهة با ان، مطالعات راهبردى سياستطذارى عمومى، دانشطاة ازاد اسلامى واحد قيام دشت، دورة (1)، شمارة (1).
27. حيدر لطفى و ازادة محمد زادة (1389)، فرايندجهانى شدن و بررسى اين ثديدة در كشورهاى اسلامى، مجموعة مقالات ضهارمين كنطرة بين المللى جغرافيدانان جهان اسلام (http://www.ensani.ir/storage/Files/20101103095922-209.pdf).
28. خديجة سفيرى، زهرا نعمت اللهى (1391)، رابطه ابزارهاى جهانى شدن و هويت دينى، مطالعات و تحقيقات اجتماعى، دورة (1)، شمارة (1).
29. سيما احمدى نداد و محمد عباس نداد (2017)، جهانى شدن و اموزش زبان انطليسى در دانشطاهياى ايران، دانشكدةى ادبيات وعلوم انسانى، بخش زبانهاى خارجى، دانشطاة شهيد باهنركرمان .
30. شهرام اسدى (1384)، اموزش وثرورش در عصر جهانى شدن: (http://danayan.blogfa.com/post/5).
31. حجت الاسلام عزيز صابر (1388)، اسلام و جهانيشدن، سايت سازمان تبليغات اسلامى، (http://old.ido.ir/a.aspx?a=1388043102).
32. عبدالقيوم سجادى (1383) ، درامدى بر اسلام و جهانى شدن.
33. على شكورى (1389)، اموزش و جهانى شدن، برط فرهنط، دورة جديد، شمارة (21)، بهارو تابستان.
34. على فرهادى محلى (زمستان 1390)، بررسى تحليلى ثديدة جهانى شدن با تمركز بر حوزة فرهنط، مطالعات راهبردى سياستطذارى عمومى، دورة (2)، شمارة (5).
35. فتاح صابرى، جهانى شدن و اموزش و ثرورش: (http://www.fanoosedu.ir/).
36. فردوس اقاطلزادة و حسين داورى (بهار 1393)، جهانى شدن و طسترش زبان انطليسى، راهبرد فرهنط، شمارة بيست و ثنجم.

37. مرضيه عالى (1397)، تبيين ضالشها و فرصتهاى جهانى شدن براى نظام تعليم و تربيت ايران، مجلةى الكترونيكى/ Vista (http://vista.ir/article/228196/%D8%AA%D8%A8%DB%8C%DB%8C%D9%-) News Hub

38. مهدى سجادى (1382)، جهانى شدن و ثيامدهاى ضالش برانطيز ان بر تعليم و تربيت، مجلة علوم تربيتى و روانشناسى دانشطاة ضمران اهواز، دورة (3)، سال دهم، شمارةهاى (3و4).

39. يوسف كشاورز (بهار 1391)، جهانى شدن و ضرورت اموزشهاى شهروندى ، فصلنامةى مطالعات راهبردى سياستطزارى عمومى ، دورة (3)، شمارة (6).

پ) به زمانى ئينگليزى:

40. Ahmad Al-Hassan, The Globalization and Language Identity, (https ://www.uop.edu.jo/ download/research/members/67_980_Ahma.pdf).

41. David Crystal (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Black Well: Oxford.

42. David Block (2010), Globalization and Language teaching, The Handbook of Language and Globalization.

43. Francois Victor Tochon (2009), The Role of Language in Globalization: Language, Culture, Gender and Institutional Learning. International Journal of Educational Policies, Vol 3(2), Ankara University J Turkey.

44. Ronald Robertson (1987), Globalization and social modernization and Japanese religion.

45. Stig Hjarvard (2004), The Globalization of Language, The 16th Nordic Conference on media communication research, Kristiansand, 15-17 August 2003, Goteborg University, Sweden.